

# پارتی و کوردستان براوەیە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکە



هێمن هەورامی
بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەمرۆ ٢-٩-٢٠١٣ پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکات. خەڵکی کوردستان لە هەر چوار پارچە و وڵاتانی ئیقلیمی و چاودێران و ئەوانەی لە نزیکەوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چاودێریی رەوشی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و پێگەی کورد وەک لایەنێکی گرنگ و سەرەکی هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکەن، بە بایەخەوە چاوەڕوانی ئەوەن، بزانن گوتاری سیاسیی پارتی، جیهانبینیی پارتی بۆ مەسەلەکانی رۆژ و ئاییندەی دۆزی کورد، بە چ ئاقارێکدا دەڕوات.

پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکەوتنی خۆی لە سەرکەوتنی کۆی پرۆسەکەدا دەبینێتەوە. سەرکەوتنی دیموکراسی و پرۆسەی هەڵبژاردن، سەرکەوتنی پارتییە. سەرکەوتنی بەشداری زۆری جەماوەری کوردستان بە دەنگدانیان، سەرکەوتنی پارتییە. ململانێیەکی نەرمی دیموکراسییانە و بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرجەم لایەنە بەڕیزەکانی بەشدار بوو، سەرکەوتنی پارتییە. پێمان وایە، زەماوەندی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و بەردەوامی پرۆسەی دیموکراسی و فرەیی سیاسی و بەهێزتر بوونی کەلتوری دیموکراسی، هەموو ئەمانە سەرکەوتنی ئەو پرۆسە گەورەیەن، کە پارتی دیموکراتی کوردستان، بێ زیادە ڕۆیی، لە ٦٧ ساڵەی رابردوویدا، سەرمەشقی هێنانە دی و بەردەوامییەتی و چەسپاندنی بووە. پارتی، پێی وایە، سەرکەوتنی کۆی پرۆسەکە، هەموو لایانەکان سەرکەوتوو دەکات، بردنەوە و دۆڕاندن، لە پرۆسەیەکی دیموکراسییانەدا، بابەتێکی رێژەییە نەک رەها. بەڵام ئەوە خەڵکی کوردستان و پرۆسە مەدەنی و دیموکراسییەکەیەتی کە دەبنە براوەی رەها. بۆیە، پارتی کە خۆی لە خەڵکەوە هاتووە و بۆ خەڵک کار دەکات و لە پێناوی خەڵکدا قوربانی دەدات، سەرکەوتنی خۆی و سەربەرزیی خۆی لە سەرکەوتن و سەربەرزیی خەڵکی کوردستاندا دەبینیت. پارتی هەمیشە شانازی بەوە دەکات، کە پێرەوی رێبازی بارزانیی نەمرە، ئەو رێبازەش لە کورتترین پیناسەیدا، کوردایەتی و میللەت سەروەری و میللەتگەراییە. پارتی ئامانجی گەورەی هەیە، بەشێکی هاتوونەتە دی و بەشێکی گرنگی ماون بێنە دی. پارتی هێزێکی سیاسی ناوچەگەر و لۆکال نییە، تا گۆشە نیگای تەسکی بۆ سیاسەت و کۆنسیپتی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن هەبێت. پارتی یەکەم دەستکەوتی بۆ خەڵکی کوردستان ئەوە بووە کە ئیرادەی تاکی کوردستانی بەهیز بێت و سایکۆلۆژیای خۆ بە زەلیل زانین لە بەرامبەر دەسەڵاتی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە و حکومەتەکانیان، کۆتایی پێبێنێ و تۆوی ئومێدی گەورە لە ناخی تاک بە تاکی کوردستاندا بچێنیت. پارتی توانی، بە بەرپاکردنی شۆڕشی سەرتاسەری بە رابەرایەتیی بارزانیی نەمر، ئیرادەی نەتەوەیی دروست بکات، هەستی نەتەوەیی کورد بوون بگۆڕیت بە هۆشیاریی نەتەوەیی کورد بوون. نهێنیی سەرکەوتنی بەردەوامی پارتی و بە بەهێزی مانەوەی پارتی لە ٦٧ ساڵی رابردوودا لە ناو دنیاییەک تۆفانی سیاسی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا، ئەوە بووە کە پارتی هێزیکی سیاسی بووە کە خۆی بە ئامراز زانیوە بۆ ئامانجی گەورەتر. پارتی هیچ کات بە رق و گیانی تۆڵە سێن سیاسەتی نەکردووە. پرۆژەکانی پارتی پرۆژەی میللی بوون. پرۆژەی تاکەکەس و ناوچەیەک نەبوون. ئەوە مێژووە دەڵێت، هەرکات پارتی لە ٦٧ ساڵەی خۆیدا بەهێز بووبیت، پرسی کورد بەهێزتر بووە،و هەرکات پارتی وەک پێویست بەهێز نەبووبێت، پرسی کوردیش لە پاشەکشە بووە. پارتی سەرچاوەی بیرو باوەڕی، هەڵقولاوی ناخی کۆمەڵگای کوردی بووە. پارتی هیچ وەخت هێزێکی ئایدیۆلۆژی نەبووە. پرەنسیپی نیشتیمانی و کوردایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی سیاسی، ئایینی و ئیتنیکی و ئازادییە فەردییەکان و ئازادیی کۆمەل و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییان و سەروەریی نیشتیمانی و نەتەوەیی ، لەو کۆنسێپتانە بوون، کە پارتی وەک بنەمایەک بۆ سیاسەت کردنی خۆی کاری پێکردوون.

پارتی هێزێک نییە، تەنها دەستکەوت و خەون و سەرکەوتنەکانی رابردووی بە نەوەی ئێستا بفرۆشێتەوە. پارتی، روانگە و ستراتیژی گەورەتری هەیە، پلان و تاکتیک و پرۆژەی گەورەی بۆ بە واقیع کردنی ئەو روانگانەی هەیە. پارتی ئاییندەیە. پارتی هێزێکی پراگماتی وەهایە کە بەرژەوەندیی کوردستان لە کویێ بێت لەوێیە، نەک ئەوەی کە بەرژەوەندیی حیزبییانەی خۆی لە کویێ بیت، یان بەرژەوەندیی ئەوانی دی لە کویێ بێت، ئینجا لەوی بێت.

هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە ناوکۆیی -سیاق ی نویدا بەرێوە دەچێت. پارادایمی ستراتیژیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی گۆڕدراوە و لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. دەرفەت و هەڕەشە لە سەر پێگەی کورد و ئاسۆی ئایندەی زۆرن. یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی بۆ مامەڵەی یەکگرتووانەی کوردستانییانە بۆ ئەو دەرفەتانەی دێنە پێش و رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، لە سەر هەموو لایەکی بەشداربوو دەکاتە ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقی، کە نابێت جگە لە سەرکەوتنی پرۆسەکە بە هیچ شتیکی دیکە رازی بین. لێرەوەیە، لەسەر هەموو بەرپرس و کادر و ئەندام و لایانەگرێکی پارتی و دۆستانی واجبە، بە ورەیەکی پۆڵایینی پێشمەرگانەوە، بەرەو سەرخستنی پرۆسەکە و سەرخستنی لیستی پارتی بۆ پێشەوە هەنگاو بنێێن. ئێمەی پارتییەکان ئەرکی زۆرمان ماوە بۆ نەتەوەکەمان بەجێیان بگەیەنین، کات و فکر و پرۆگرامان نابێت بە شتی لاوەکی و وەڵامی ناحەزانی پارتی و لۆکال خواز و گردنشین و داخ لەدڵ، بە خەسار بدەین. پارتی سەرکەوتنی خۆی لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و زەماوەندی دیموکراسیی دەبینێتەوە و بە دڵنیاییشەوە، سەرکەوتنی پارتی مسۆگەرەو لە ئێستاوە پیرۆزە لە پارتی و رێبوارانی رێگای بارزانیی نەمر.

**پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکەوتنی خۆی لە سەرکەوتنی کۆی پرۆسەکەدا دەبینێتەوە، سەرکەوتنی دیموکراسی و پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی بەشداری زۆری جەماوەری کوردستان بە دەنگدانیان، سەرکەوتنی پارتییە**

**ئێمەی پارتییەکان ئەرکی زۆرمان ماوە بۆ نەتەوەکەمان بەجێیان بگەیەنین ، کات و فکر و پرۆگرامان نابێت بە شتی لاوەکی و وەڵامی ناحەزانی پارتی و لۆکال خواز و گردنشین و داخ لەدڵ، بە خەسار بدەین**



# هەنگاو هەڵگرتن بۆ کوردستانێکی گەشتر لە متمانەدان بە پارتییەوە دەست پێدەکات



# پەیامی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان

## ئەمڕۆ لە پایتەختی کوردستانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتی هەڵبژاردن دەست پێدەکات

بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی بڕیارە ئەمڕۆ ٢ی ئەیلوول لە هەولێری پایتەختی کوردستانەوە، کەرنەڤاڵی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست پێبکات، بۆیە ئەمڕۆ هەموو جیهان چاوی لە هەولێرە بۆ ئەوەی ئەو کەشی بێدەنگییە بشکێنێ کە چەند ڕۆژێکە بەهۆی دواخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانەوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دروست بووە، ئەمڕۆ هەولێر سیمایەکی جوانتر بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دروست دەکات و بەجیهان ڕادەگەیەنێت، متمانە دەدەین بە پارتی لەبەر ئەوەی مەبەستمانە و گەلی کوردستان شایستەی ئەوەیە هەنگاو بۆ کوردستانێکی گەشتر و جوانتر و ئاوەدانتر هەڵبگرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرنامەیەکی فراوان و گشتیگیرەوە دێتە بەردەم جەماوەری کوردستان و بەڵێنی کوردستانێکی گەشتریان پێدەدات.

**هاوولاتیانی خۆشەویستی کوردستان**

پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی سالانی رابردوودا و بە هاوپەیمانێتی لایەنە دلسۆزەکانی کوردستان و بە پشتیوانی هاوولاتیانی هەرێم چەندین سەروەری لە بواری سیاسی و حوکمرانی و کۆمەلایەتی و کولتووریدا تۆمار کردووە و شێلگیرانە کاری بۆ هەرچی زیاتر چەسپاندن و پەرەپێدانی دەستکەوتەکان کردووە و تێکۆشاوە بۆ لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتوونەتە رێی کاروانی گەشەکردنی کۆمەلگا و دۆزی رەوای کورد. بۆ ئایندەیش بەرنامەی نوێتری پێیە و لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا هەول بۆ جێبەجێکردنی دەدات.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەو پەری رێز و نەوازشەوە دەروانێتە ئەرك و ماندووبوونی هەموو ئەو کەسانەی مەینەتییان بۆ بەدیهێنانی ئازادی کێشاوە و لە دانانی بەردی بناغەی ئەمرۆمان پشك و رۆلیان هەبووە و بەتایبەتیش ئەو پێشمەرگە نەبەرد و رۆلە بە ئەمەکانەی قوربانی بێشوماریان داوە و گیانی خۆیان فیدا کردووە. ئێمە خەباتمان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و مافەکانی خەلك و بەدیهێنانی دیموکراسی و ئاشتەوایی کردووە، ئێستا و داهاتووش هەر ئەوە رێبازی خەباتمان دەبێ و تا گەرانەوەی هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و چەسپاندنی سنووری راستەقینەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو رێبازە دەمێنین.

پارتی دیموکراتی کوردستان رابردوویەکی تۆمارکراوی پر شانازییە لە سەرمەشقی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، هاوکات شارەزاییەکی سەلمێنراوی حاشاهەلنەگرە لە بەرێوەبردنی ولات و بونیاتنانی کوردستانێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا سەربەرز و شەرەفمەندە کە دریغی نەکردووە لە جێبەجێکردنی ئەو پەیمان و بەلێنانەی کە لە بانگەشەکانی هەلبژاردندا بە خەلکی داون.

هاوکات بە دیدێکی واقیعیشەوە لەو کەموکورتییانە دەروانێ کە لە کۆی پرۆسەی سیاسی و حوکمرانێتی و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلایەتیدا هەن و لە رێی چارەسەرکردنی هۆکارە بابەتی و خودییەکانەوە، کاری بەردەوام دەکات بۆ نەهێشتنیان. ئەمەیش لەپێناوی پێشکەشکردنی نموونەیەکی بەرچاو و زیندووی دیموکراسی و پێشکەوتن.

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی ئەم بەرنامەیەوە کۆششی بێ وچان دەکات بۆ پێشکەوتنی توانا ئابوورییەکانی کوردستان تا ببێتە پالپشتێکی بەهێزی برەودان بە پرۆسەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان و پتەوترکردنی ژێرخانی کوردستان و سوود بە دیهێنانی خۆشگوزەرانیی هاوولاتیان و دابین کردنی پێویستییەکانی سیستمی پێشکەوتووتری پەروەردە و تەندروستی و رەخساندنی هەلی کار بۆ هەمووان و سنووردانان بۆ رێژەی بێکاری بە ئاراستەی ئەوپەری کەمکردنەوەیدا لە رێی هاندانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکال و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانەوە لەلایەن حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەتەوە. لەم سۆنگەیەشەوە بە مافی خەلکی کوردستانی دەزانێ کە داهاتی نەوت و گاز و سامانە ئابوورییەکانی هەرێم بگەرێنەوە قەلەمرەوی هەرێمی کوردستان، ئەوەیش لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی راستەقینەی سیستمی فیدرالی کە عێراقی نوێی لەسەر بونیاتنراوە.

لیستی پارتی لە خولی داهاتووی پەرلەماندا کار دەکات بۆ دابین کردنی مافە هاوتاکانی ئافرەتان و رەخساندنی کەشی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری بۆ گەشەکردنی تواناکانی لاوان.

لیستی پارتی شێلگیرانە رووبەرووی گەندەلی و قۆرخکاری و نادادپەروەری دەبێتەوە. زەمانەتی ئەوە دەکات کە ئەو هەڤالانەی لە جومگە جۆراوجۆرەکانی ئیدارەی ولاتدا دەبنە کاربەدەست، راستگۆ و دلسۆز و کراوە بن بە رووی داخوازییەکانی خەلکدا و شەفافانە کار بکەن بۆ خزمەتکردنیان.

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێی ئەم بەرنامەیەوە کار دەکات بۆ هەرچی زیاتر چەسپاندنی کۆلەگەکانی مەدەنییەت و ئاشتەوایی کۆمەلایەتی و پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان و پاراستنی ئەو سەقامگیری و ئارامییە کە بالی بەسەر هەرێمدا کێشاوە.

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی تیرۆر و توندوتیژییە و هەلگری پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیانە لە عێراق و ناوچەکەدا و پشتیوانی چارەسەرکردنی دیموکراتی و ئاشتییانەی دۆزی رەوای کورد دەکات لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا.

لەپێناوی هەموو ئەوانەدا و لە ژێر دروشمی ( پێکەوە بەرەو کوردستانێکی گەشتر) لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم بەرنامە گشتگیرە:

# لەبواری سیاسیدا



لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئەوەی ئەو دەسکەوتانەی لەبواری سیاسیی بەدیهاتوون بە بەشێك لە ستراتیژییەتی پارتی لە قەڵەم دەدات، لە هەمان کاتدا بۆ چوارساڵی داهاتووش لە بەرنامەیدایە کە جگە لە پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانەی هەتا ئێستا بەدیهاتوون کاربکات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١. پەسەندکردنی دەستووری هەرێم لەسەر بنەمای کۆدەنگی نیشتمانی و رێکارە یاساییە ئسوڵییەکان و لەبەر رۆشنایی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی لەو نامەیەدا کە لەگەڵ تێبینی هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرۆژەی دەستوور، لە ٢٠١٣/٦/١٢دا ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە.

٢. جێگیرکردنی وادەی هەڵبژاردنەکان (پەرلەمان، سەرۆکی هەرێم، ئەنجوومەنی پارێزگاکان) لە رۆژ و مانگی دیاریکراوی هەر چوارساڵ جارێکدا.

٣. پەسەند کردنی یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی ئەم دەستە سەربەخۆیە.

٤. هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەو جۆرەی کە لەگەڵ پەرەسەندنی کارکردنی پەرلەماندا بگونجێ.

٥. پەسەندکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٦. پەسەندکردنی یاسای رێزلێنان لە پێشمەرگە تا ببێتە هەنگاوێکی دیکە لە پاڵ یاسای بەرپرسیارنەبوونی بەشداربووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە رووی سزایی و شارستانییەوە.

٧. فراوانترکردنی بازنەی ئازادییەکان لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی و مەدەنی و سەندیکایی بە ئاراستەی هەرچی زیاتر فرەیی و چالاکترکردنی رای گشتی لە بەشداری و بڕیاری سیاسیدا. ئەمەیش هەموارکردنی یاسای حزب و کۆمەڵەکان و دابینکردنی بودجەی سەلمێنراو بە یاسا، دەخوازێ.

٨. پاراستن و گەشەپێدانی ئازادیی رادەربڕین و کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا لەرێی گرێدانی چەمکی ئازادی بە چەمکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییەوە.

٩. کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بە ئاراستەی رێگەگرتن لە دەستی پێکردنی ئەم مادەیە و دواخستنی پرۆسەی گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

١٠. پاراستنی ئەو دەستکەوتە دەستوورییانەی گەلی کوردستان لە عێراقدا بەدەستی هێناون و کارکردن بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئەو پرسە یاساییانەی لە نێوانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا بە هەڵپەسێراوی ماونەتەوە.

١١. کارکردنی بەردەوام بۆ سەرکەوتنی ئامانج و بەرنامەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی و گەیشتن بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان لەسەر بنەمای گوتاری ئاشتیخوازانەی کورد.

١٢. پەرەپێدان و فراوانکردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسی و دیپلۆماسی و ئابوورییەوە، لەسەر بنەمای دۆستایەتی و رێزگرتن لە سەروەریی یەکتر و دابینکردن و پاراستی بەرژەوەندیی هاوبەش.

١٣. بەردەوام بوون بەو هەڵمەتانەی لە وڵاتان دەکرێن بۆ ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران و راگواستن کە لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دەرهەقی گەلی کوردستان کراون، وەکو تاوانی جینۆساید و زیانلێکەوتووانی ئەو تاوانانەیش لەلایەن حکومەتی عێراق و ئەو کۆمپانیانەوە قەرەبوو بکرێنەوە کە چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژیان بە عێراق فرۆشتووە.



# ئابووری و دارایی



لەبواری ئابووری و دارایی لەماوەی حکومڕانی پارتی و هاوپەیمانەکانی دەسکەوتی زۆر گەورە و گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە ژیانی خەلك هاتوونە ئاراوە، بەڵام بواری ئابوری و دارایی بوارێکی هەمیشە کراوەیە بەسەر گۆڕانکاری و پەرەسەندندا بۆیە چاوەڕوانییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو دەستکەوتانەدا ناوەستێ و لیستەکەی لە پێناوی ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ:

١. دەرکردن یان هەموارکردنی هەموو ئەو یاسا و ڕێنمایی و بڕیارانەی سیاسەتێکی شەفافتر لە بواری ئابووری و دارایی مسۆگەر دەکەن و ئازادی چالاکیی ئابووری فەراهەم و پشتگیری بەرهەمی نیشتمانی و پیشەسازی خۆماڵی دەکەن و دەیانپارێزن.

٢. دەرکردنی هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی زەوینەی ڕەخساندنی زۆرترین هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی هەرێم مسۆگەر دەکەن و هاوکات چارەسەری بێکاری دەمامککراو دەکەن.

٣. ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو شێوازەکانی گەندەڵی و پاراستنی گەشەی ئابووری لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم دیاردە مەترسیدارە.

٤. بۆئەوەی ڕابوونێکی ئابووری لەوەی ئێستا گەورەتر بەرپا بێ و گەشەکردن هەنگاوی باشتر بۆ پێشەوە بنێ و سەرمایەی نیشتمانی و بیانی ڕاکێشرێن و ئاراستە بکرێن بەرەو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار، پێویستە یاسای وەبەرهێنان و ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بەم کایەوە هەیە هەموار بکرێنەوە.

٥. کۆمپانیای پشکداریی لەم قۆناغەدا پێویستە و دەبێ کەشێکی یاسایی لەبار بۆ ئەو مەبەستە دروست بکرێ تا پاشەکەوتە بچووك و مامناوەندییەکان بە کار بهێنرێن و دەرفەتی کار و ئیشپێکردنی هێزی کاری ناوخۆ دروست ببێ و بازاڕی نەختینە لە هەرێمدا کارا ببێ.

٦. دەرکردنی ئەو یاسا و ڕێنمایی و بڕیارانەی پێویستن بۆ کارا کردن و سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی پەیکەری کەرتی دارایی و بانکایەتی و متمانە پێ کردنەوەیان. زەوینە ساز بکرێ بۆ دانانی سیستمێکی بانکی هاوچەرخ بۆ بانکە پسپۆڕییەکان لە هەرێمدا و بەستنەوەیان بە بانکە جیهانییەکانەوە.

٧. دەرکردنی ئەو یاسا و ڕێنمایی و بڕیارانەی پێویستن بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دامەزراوەکانی تەئمین بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٨. وەرگرتنەوەی مافی خەڵکی کوردستان لە قەڵەمڕەوی سامانی سروشتی و نەوت و گاز لە سیاسەت و کار و داهاتیدا بەو جۆرە کە بتوانرێ ڕێژەیەك لە داهاتەکەی مانگانە بدرێ بە هەموو هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان.





# وەبەرهێنان

پرۆسەی وەبەرهێنان، وەکو پرۆسەیەك بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و بووژانەوە و گەشەکردن خۆشگوزەرانی و دروستکردنی هەلی کار و جوڵاندنی بازاڕ و جموجوڵی بازرگانیدا بایەخی زۆری هەیە.
بەپێی ئامارەکانی وەبەرهێنان لە ٢٠٠٨/٨/١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ مۆڵەت بە (٥٠٨) پرۆژە دراوە بە گوژمەی (٢٤ ملیار و ٤٦٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی).
یەکێك لە دەرکەوتە هەرە گرنگەکانی ئەم سێکتەرە گەشەکردن و زۆربوونی ژمارەی کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکان بووە. ئێستا (١٢هەزار و ٣٨٤ کۆمپانیای خۆماڵی) و (٢ هەزار و ٢٨ کۆمپانیای بیانی) لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لە هەرێمدا کاردەکەن.
لەبەر رۆشنایی دەستکەوتەکان و بۆ هەرچی زیاتر سەلماندنی ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان پابەندە بەو بەڵێنانەوە کە لە بەرنامەکانیدا بە خەڵکی کوردستانیان دەدات، لە خولی داهاتووی پەرلەماندا بەردەوام دەبین لە ستراتیجی هاندانی ئەو کەرتە. کار دەکەین کە بازنەی وەبەرهێنان هەموو کایە و بوار و سێکتەرەکان بگرێتەوە و زۆرترین دەستی خۆماڵی تێیدا بکەوێتە کار و رۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە کەمکردنەوەی بێکاری و پەیدابوونی هەلی کار. ئەو بوارە دەپارێزین لە قۆرغکاری و سوودی نابەجێ و کوالێتی خراپ، چی دیکە پێویست بێت لە ئاسانکاری بۆ هاندانی وەبەرهێنان دەیکەین.

# کشتوکاڵ

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکات لە پێناوی بە پیشەسازیی کردنی کشتوکاڵ بە گرتنەبەری ئەم رێکارانە:
١ - ئیدارەدانی سەرچاوەکانی ئاو کە رەگی ژیانی کشتوکاڵە لە رێی دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ پاراستنی ئاو و رێگرتن لە بە فیڕۆچوونی، هەروەها درێژەدان بە دروستکردنی بەنداوی بچووك و مامناوەندی لە هەموو ئەو جێیانەی پێویستن بۆ گلدانەوەی ئاو و ئاودێری، جگە لە بایەخدانی زیاتر بە تۆڕەکانی ئاودێری و جۆگە و بیری ئیرتیوازی.
٢ - بایەخی زیاتر دەدەین بە بانکی کشتوکاڵی و قەرزی بچووك و گەورەی بێ قازانج و درێژخایەن و هەموو جۆرە ئاسانکارییەك دەخەینە خزمەتی جوتیاران و وەبەرهێنەرانی بواری کشتوکاڵی جگە لە دابینکردنی کەرەستەکانی زیادکردنی بەرهەم وەك ئامێری نوێ و خانووی پلاستیکی و سیستمی ئاودێری دەستکرد.
٣ - بەردەوام دەبین لە کارکردن بۆ پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی خۆماڵی لە کێبڕکێی بەرهەمی بیانی و لە هەمان کاتیشدا بۆ سەرخستنی ئەو سیاسەتە هەوڵی زیاتر دەدەین بۆ فراوانکردنی یەکەکانی بەرهەمهێنان بە دامەزراندنی کێڵگە و کۆمپانیای گەورەی کشتوکاڵی و دەربازبوون لە رووبەری بچووك و کەم بەرهەم، هاوکاتیش بەردەوام دەبین لە پشتگیری هەموو جۆرە پرۆژەو کێڵگەکانی پەلەوەر و ئاژەڵداری و هەنگ و



ماسی و هەر جۆرە وەبەرهێنانێك لەو بوارانەدا.

٤ - درێژەدەدەین بە جێبەجێکردنی یاسا و رێکارەکانی تەملیککردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی موڵکداری زەوییە کشتوکاڵییەکان و رێگرتن لە بەکارهێنانی ناپێویستی ئەو زەوییانە بۆ مەبەستی ناکشتوکاڵ.

٥ - دوای هەڵمەتە فراوانەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی گوندەکان و پاش ئەوەی خزمەتگوزارییەکانی وەك رێگاوبان و نەخۆشخانە و قوتابخانە بۆ زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان دابینکران، لەمەودواش بەردەوام دەبین لەو هەڵمەتەدا و ئەوەی ماوە جێبەجێی دەکەین بەرەو گەیشتن بە ئامانجی نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان شار و لادێ کە هەم دەبێتە باشترین هاندەر بۆ پیشکەوتنی کشتوکاڵ، هەم ئەجردانەوەی گوندنشینانی کوردستانە کە هەمیشە پشت و پەنای شۆڕش و پێشمەرگە بوون لە رۆژە سەختەکانی خەباتدا.

# پیشەسازی

ژمارەی پرۆژەکانی پیشەسازی(١٠٥) پرۆژەن لەهەر سێ پارێزگاکەدا بە سەرمایەی نزیکەی (٤ ملیار دۆلار). پێشڤەچوونی کەرتی پیشەسازی ئەگەرچی هەنگاوی کەمتری ناوە لەچاو بوارەکانی دیکە، بەڵام بەشێوەیەکی رێژەیی ئەم پێشڤەچوونە بەرچاوە و ئومێدی زیاتری لێ دەکرێ. یەکێك لە دەرهاوێشتە گرنگەکانی پێشڤەچوونی کەرتی پیشەسازی درووستبوونی دەرفەتی کارە بۆ هێزی کاری هەرێمی کوردستان و لە نێوانی ساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٢ رێژەی زیادبوونی کرێکار کە لەسەر کارن ١٨٠٪ بووە کە ئەمە رێژەیەکی زۆرە و رۆڵی لە کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری هەیە.

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کار لەسەر هەرچی زیادبوونی ژمارەی کارگەکانی پیشەسازی دەکات بە تایبەتیش ئەو سێکتەرانەی کە لەگەڵ خواستی بازاڕی کوردستاندا دەگونجێن و کەرەستەی خاویان لە هەرێمدا دەستەبەردەبن و توانای کێبڕکێیان لەگەڵ بەرهەمی دەرەوەدا دەبێ.





# بازرگانی

بازرگانی سەرچاوەیەکی ئابووری گرنگە و لەبوژاندنەوەی کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی کارا بەشداری دەکات. بۆیە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بایەخی زۆر بەم کەرتە زیندووە دەدات و دەیەوێت لە ڕێی دانانی یاسا و بڕیارەکانەوە جووڵەی زیاتر و دروستتر بدات بەم بوارە. لەم پێناوەدا کار دەکات بۆ:

١. دامەزراندنی ناوچەی بازرگانی ئازاد لە مەرزە سەرەکییەکان و دەڤەری دیکە لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. دەرکردنی هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی پەرە بە فەرمانگەی چاودێری بازرگانی و دەزگای پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆریی دەدەن و کارایان دەکەن.

٣. هەموارکردنەوەی هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە، لەوانە: یاساکانی بازرگانی، کۆمپانیاکان، یەکێتیی گشتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی، هاوردەکردن و هەناردە و هی دیکە.

٤. دەرکردنی هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی هاوسەنگی لەتەرازووی بازرگانی و تەرازووی پێدراوەکاندا دەکات و بەرهەمە نیشتمانییەکان لە کێبڕکێ دەپارێزن بەتایبەتیش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.

# گەشتوگوزار

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە حکومەتی هەرێم بایەخێکی زۆری بەم کەرتە گرنگە داوە. کۆی ژمارەی پرۆژە گەشتیارییەکانی وەبەرهێنان ٧٩ پرۆژەیە جێبەجێکراون بە گوژمەی ١ملیار و ٩٥٢ ملیۆن دۆلار کە دەکاتە ٨٪ ی کۆی سەرمایەی وەبەرهێنان و لەم پرۆژانەدا براندی ناسراوی ناوچەکە و جیهان بەشدارن.

ئەرکی سەرشانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لە قۆناغی داهاتوودا بە وردی چاودێریی جێبەجێکردن و تەواوکردنی ئەم پرۆژانە بکات و سیاسەتگەلێك پێشنیار بکات کە پەرەی زیاتر بەم کەرتە بدات لە ڕێی:

١. دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی تایبەت بە کێوماڵ کردنی هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردن و پۆلین کردنی ناوچە گەشتیارییەکان لە هەرێمدا و سازکردنیان وەك سەرەتا بۆ بەکارهێنانیان.

٢. دەرکردن و هەموارکردنی هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی پەیوەندیدارن بە پشتگیری کردن و هاندانی سەرمایەگوزاریی لە کەرتی تایبەتی گەشتیاریی بە جۆرەکانی گەشتیاری هاوینە و زستانە و ئایینی و شوێنەواریی.



# نیشتەجێبوون

سێکتەری نیشتەجێبوون(١٦٦) پرۆژەی لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەرکەوتووە بە گوژمەی نزیکەی (١٣ ملیار و ٦٥٧ ملیۆن دۆلار) کە (١٥٠هەزار و ٢٠٥) یەکە دەگرێتە خۆ. لەم پرۆژانەدا (٨١ هەزار و ٤٥٢) دانەیان خانوون. (٥٤ هەزار و ٢٥١) شوقە و (١٤ هەزار و ٥٠٢) ڤێلان. بەپێی زانیارییەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە کۆی گشتی ئەم پرۆژانە نزیکەی (٣١) پرۆژەیان تەواو بووەکە کۆی گشتی یەکەکانی نیشتەجێبوونی تەواو بوو (٢٧ هەزار و ٥٧٠) دانەیە.
بەپێی یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای هەموارکراوی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١١ کە تایبەتن بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و دەرامەت سنووردار تا ئێستا کۆی ئەو یەکە نیشتەجێیانەی درووستکراون ژمارەیان (٢٠ هەزار و ٨٨٤) دانەیە.
هەموو ئەمانە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا تا ئاستێك گرفتی نیشتەجێبوونی چارەسەرکردووە، بەڵام تەواوکردنی پرۆژەکان دەبێتە یەکێك لە ئەرکەکانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە پەرلەمانی داهاتوودا بە وردی بەدواداچوونیان بۆ دەکات،هەروەها لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرنامەیدایە لە چوار ساڵی داهاتوودا درێژە بەم هەڵمەتە بدات تا گرفتی نیشتەجێبوون بە یەکجاری بنەبڕ دەبێت، لەو سیاسەتەشدا زیاتر بایەخ بە دابەشکردنی عادیلانەی پرۆژە و یەکەکانی نیشتەجێبوون دەدات بەسەر ناوچە جیاجیاکانی هەرێم و دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ لاوان کە ژیانی نوێ پێکدێنن و ماڵی نوێ دادەمەزرێنن.
لە پرۆژەکانی نیشتەجێبووندا، جگە لە خانووبەرە، هەروەها داینگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و مزگەوت و یاریگا و باخچە و سەنتەری رۆشنبیری و بنکەی پۆلیس و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شەقام و ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و سەوزایی و مارکێت هەن،بەڵام لە هەندێك لەو پرۆژانەدا هەموو ئەم خزمەتگوزارییە گشتی و کۆمەڵایەتییانە دەستەبەر نەکراون و سەرپێچی کراوە لە نەخشەی بنەڕەتیی پرۆژەکان کە پێویستە حکومەتی هەرێم لێپێچینەوە لەو سەرپێچییانە بکات و ئێمەیش لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دواداچوونی تەواو بۆ ئەم کەیسانە دەکەین.



# خزمەتگوزارییەکانی ژێرخان

**ا - کارەبا**

کێشەی کارەبا یەکێك بووە لە کێشە قورسەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لەگەڵ زیادبوونی حەشیمەت و کار و جموجۆڵی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و فراوانبوونی شارەکان و پرۆژە جۆراوجۆرەکان، پێویستی هەرێم بۆ کارەبا چەند ئەوەندە زیاد بووە و کێشەکەیان قورستر کردووە. لەکاتێکدا بەرزترین ڕادەی پێداویستیی کارەبا لە ساڵی ٢٠٠٦دا تەنیا ١٤٥٧ میگاوات بوو، لە ساڵی ٢٠١٢دا گەیشتە ٣٤٨٨ مێگاوات و حکومەتی هەرێم توانیویەتی لەم پێداویستییە ٢٧٠٠ مێگاوات بەرهەمبهێنێ و لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی، حکومەتی هەرێم توانی پلان بۆ چارەسەرکردن و بەستنەوەی تۆڕی کارەبای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ بکات، بەمەیش کێشەی بەشێکی بەرچاوی ئەو ناوچانە چارەسەر کرا. لەوەیش زیاتر لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٢ دا بڕی ٥٠ مێگاوات کارەبا درا بە پارێزگای موسڵیش، لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانە دروستە کە بگوترێ لە ماوەی ساڵانی حوکمڕانێتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانەکانیدا، هەنگاوی شایانی باس نراون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا.

ئەرکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە:

١. بە وردی چاودێریی جێبەجێکردنی ئەم پلان و قۆناغانە بکات.

٢. دەرکردنی یاسا و تەرخانی بودجەی پێویست بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا.

٣. تەواوکردنی پرۆژەی دانانی پێوەری زیرەك.

٤. کەمکرنەوەی نرخی یەکەی کارەبا بۆ هاووڵاتیان.

**ب - سێکتەری ڕێگاوبان**

ئەم سێکتەرە کە شادەماری پێکەوە گرێدانی شارو شارۆچکە و گوند و هەموو چالاکییە ئابووری و ژیارییەکانە لەناوخۆدا و ناوخۆیش بە دەرەوە، جێی بایەخی زۆری دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

داتاکان بۆمانی دەسەلمێنن کە چەندەها پرۆژەی ستراتیژی لەم بوارەدا جێبەجێ کراون و چەندی تریش بەڕێوەن. کۆی ئەم پرۆژانە لە ماستەرپلانی تۆڕی ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە کە بارودۆخی ڕێ و بان و پرد و تونێلەکانی ئێستای هەرێم دیاری دەکات و دەستنیشانی پێداویستییەکانی هەرێم لە ڕووی درووستکردنیانەوە تاکو ساڵی ٢٠٣٠ لە چوار قۆناغدا کە هەر قۆناغێکی ٤ ساڵ دەخایەنێ و درووستکردنی ڕێگای دوو ساید و یەك ساید و پرد و تونێل دەگرێتەوە.

ئەرکی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانە:

١. لە نزیکەوە چاودێری جێبەجێکردنی ئەم ماستەر پلانە بکات.

٢. هانی حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان

بدات کە لە کاتی دیاریکــراودا، پرۆژە دیاریکراوەکان تەواو بکەن.

٣. ئەنجامدانی پرۆژەی هــای وەی لەنێوانی هەموو شارەکانی هەرێم و خاڵە سنوورییەکان.

٤. دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر بۆ پێکەوە بەستنی شــارەکانی هەرێم بە بەغداد و کەرکــوك لەلایەك و گرێدانەوەیان بە تۆڕی تورکیا لە لایەکی ترەوە.

**ج - گواستنەوە و گەیاندن**

لە ماوەی ســاڵانی رابــردوودا هەرێمی کوردســتان پەرەســەندنی گــەورەی لە ســێکتەری گواســتنەوە و گەیاندنــدا کــردووە و ئێســتا هەرێم لــە رێی دوو فرۆکەخانــەی نێودەوڵەتی هەولێر و ســلێمانییەوە بە جیهانەوە بەستراوەتەوە و فرۆکەخانەی دهۆکیش لە تەواو بووندایە. ئەمەیش هۆکارێکی گرنگە لە گەشەکردن و پێشکەوتنی هەرێم بەگشتی لە رێی جموجۆڵی گەرم و خێرای بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشتیارییەوە.

**د. سێکتەری سووتەمەنی**

لە بواری ســووتەمەنیدا لیســتی پارتــی دیموکراتی کوردستان کار دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتانەدا کە هەندێــك جار دەبنــە هۆی بــەرزو نزمی نرخی سووتەمەنی لە بازاڕەکاندا ئەویش لە رێی:

١. کارکــردن بــۆ باشــترکردنی کوالیتــی بەرهەمە پاڵاوتووەکانــی خۆماڵــی و زیاترکردنــی توانــای بەرهەمهێنانیان.

٢. دابەشــکردنی نەوت وەکو پێویســتییەکی ژیاری بە شــێوەیەکی شارســتانی و بە برێکی زیاتر بەسەر هاووڵاتیاندا.

٣. گەیاندنــی گاز بــە مــاڵان لــە رێــی تۆڕی دابەشکردنەوە.

٤. کۆنترۆڵکردنی نرخ و کوالیتی سووتەمەنی.

**هـ. سێکتەری شارەوانی**

ئەم ســێکتەرە رووبەڕووە لەگەڵ ئەو کێشانەدا کە هەر ئێســتا بوونەتە کێشەی جیهانی بەتایبەتی لەوانەدا کە پەیوەندیدارن بە دابینکردنــی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە و بەکارهێنانــی مرۆیــی و دروســتکردنی ئاوەڕۆ و پاککردنەوەی شاروشارۆچکە و گوندەکان و دەڤەرەکان لە خۆڵ و خاشاك و پاشەڕۆ لە پێناوی پاراستنی ژینگە بە گشتی و ژینگەی ژیانی مرۆڤ بەتایبەتی. بۆیە پارتی دیموکراتی کوردســتان بە بایەخێکی زۆرەوە کار بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکانی ئەم سێکتەرە و فراوانکردنیان دەکات.

ئەرکەکانی دروســتکردنی شــەقام و پــرد و تونێل و قیرتاوکردن و کۆنکرێت کردنی کۆڵانەکان و رێکخستنی چوارڕییانــەکان. دروســتکردنی باخچــە و پارك و ناوچەکانی سەوزایی و چاندنی دارو درەخت و گوڵ و گوڵزار لە شوێنە جۆراوجۆرەکان و ناوەندی شەقامەکان. دابین کردنــی زەوی و زار بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان و گەشــتیاری و کارگەکان و پیشەوەران و دابەشکردنیان بە ســەر هاووڵاتیاندا. ئامادەکردنی ماســتەرپلان بۆ فراوانکردنی شــار و شــارۆچکەکان و دابەشکردنی رووبەرەکانیــان بەســەر خانوبــەرە و خزمەتگوزارییە گشــتییەکاندا و گرنگیدان بە شوێنەوارە دێرینەکان و پاراستن و نۆژەنکردنەوەیان، دەکەونە ناو ئەم سێکتەرەوە کە پارتی دیموکراتی کوردســتان بە بەشێکی گرنگی ئەرکی خــۆی دەزانێ و کار دەکات بــۆ پەرەپێدان و دەســتکەوتی زیاتر تێیدا، هەروەها لیستی پارتی کار دەکات لەپێناوی:

١ - فراوانکردنی شــارەکان بەپێی پلانی زانســتی و پێداویستی هەنووکەیی و درێژخایەن لەگەڵ دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییەکانی شەقام و کۆڵانی قیرتاوکراو و کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و ناوچەی سەوزایی.

٢ - بایەخدان بە شاری ستوونی و هاندانی هاووڵاتیان بۆ ژیان بەسەر بردن لە ئاپارتماندا.

٣ - کاراکردنی هەموو ئەو یاسا و بڕیار و رێنماییانەی ئاوی پاکژ لە زیادە سەرفکردن و بە هەدەردانی دەپارێزن و وەرگرتنی کرێی ئاوی سەرفکراو رێکدەخات و سزای سەرپێچی کارانی دەدات.

٤ - تەواوکردنی پرۆســەی گەڕانەوە بۆ گوندەکان لە رێــی ئاوەدانکردنەوە و دابین کردنی پێویســتییەکانی ژیانی هاوچەرخانە و کارکردن لە کەرتی کشــتوکاڵ و بەرهەمهێنان بەشێوازی زانستی و هاوچەرخ.

٥ - دانانی یاسای تایبەت بە سەپاندنی دروستکردنی رووبەری سەوزایی لەناو خانووبەرە و ئاپارتمان و کۆڵان و شــەقام و بەردەمی دوکان و مارکێتەکان و سزادانی هەموو ئەوانەی سەرپێچی دەکەن.

٦ - دانانی سیســتمی ریســایکلین بۆ رزگاربوون لە خۆڵ و خاشاك و سوود وەرگرتن لێیان.



# پەروەردە و خوێندنی باڵا

لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٢-٢٠١٣) لە بواری باخچەی ساوایانەوە تا پەیمانگا و زانکۆکان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووە پایەکانی پەروەردە و خوێندن لە پرۆگرامی خوێندن، سیستمی خوێندن، مامۆستا، ئیدارە و باڵاخانەوە گۆڕانکاری ئەرێنی زۆریان تێدا روویداوە.

تەنیا لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئەم پێشکەوتن و پەرەسەندنانە لە بواری پەروەردە و خوێندندا روویانداوە:

- ٣٢٩ هەزار و ٦٥٦ قوتابی زیادی کردووە. ئەم زیادبوونە پێویستی بە دروستکردنی بینایەی زیاتری قوتابخانە و زیادبوونی مامۆستا و کارمەند و کتێبەکانی پرۆگرام و کەلوپەل و پێویستییەکانی دیکەی خوێندن هەبووە.

- لەماوەی ٤ ساڵی رابردوودا ٤٣٩ بینایەی خوێندن لە ئاستە جیاجیاکانیدا زیاد بوون. واتە ساڵانە بە تێکرایی ١٠٩ بینایەی نوێ بۆ خوێندن درووستکراوە.

- لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ١٥هەزار و ٩٣١ مامۆستا دامەزرێنراوە کە ساڵانە دەکاتە نزیکەی ٤ هەزار مامۆستا بۆ قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن. واتە ساڵانە بە تێکرایی ٤ هەزار دەرفەتی کارکردن لە بواری پەروەردەدا بۆ لاوانی هەرێم و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان رەخسێنراوە.

- پرۆسەی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەوران بەردەوام بووەو هەر لە هەڵکشانیشدابووە. بەو هۆیەوە توانراوە رێژەی نەخوێندەواری کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا ٣٤٪ دا بووە، لە ساڵی ٢٠١٢ دا دابەزێنرێ بۆ ١٦٪ . بەپێی پلانی وەزارەتی پەروەردەیش تا ساڵی ٢٠١٥ ئەم رێژەیە دادەبەزێنرێ بۆ ٧٪.

- لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ٩٢ ملیۆن و ٢٨٤ هەزار و ٧٦٧ کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن چاپکراوە.

سەبارەت بە خوێندی باڵاش خوێندنی باڵا لە ساڵانی رابردووەوە تا ئێستا گەشەکردن و پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. بەجۆرێك کە ئێستا جگە لە بڕوانامەی بەکالۆریۆس، هەزاران قوتابی پلەی ماستەر و دکتۆرایان وەرگرتووە، یان لە قۆناغی تەواوکردندان. لە ساڵی (١٩٩١)دا تەنیا یەك زانکۆ (زانکۆی سەلاحەدین) و سێ پەیمانگای تەکنیکی هەبوون و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم بوارە بەردەوام گەشەی کردووە. لە نێوانی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٢ زانکۆکانی هەولێری پزیشکی، زانکۆی کۆیە، زانکۆی سۆران، زانکۆی زاخۆ، زانکۆی هەڵەبجە، زانکۆی گەرمیان و زانکۆی راپەڕین لە نوێ کراونەتەوە و ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا (١١) زانکۆی حکومی کە (٥٨) کۆلێژیان هەیە (٦٤٤٣٢) قوتابی تێیاندا دەخوێنن، (٥١٩٨) مامۆستا بە پلەکانی ماجستێر و دکتۆرا و پرۆفیسۆر وانەیان تێدا دەڵێنەوە. (٢٤) پەیمانگای حکومی هەیە، (٣٠٠٦٠) قوتابی تێیاندا دەخوێنن،

(٦٢٢) مامۆستا وانەیان تێدا دەڵێنەوە.(٣) کۆلێژی تەکنیکییش هەیە. لەپاڵ ئەمانەدا (١١) زانکۆی ئەهلی بە کۆلێژ و پسپۆریی جیاجیاوە لە هەرێمدا کراوەیە. (١٤٥٠٠) قوتابی تێیاندا دەخوێنن. (٤٠٩) مامۆستا وانەیان تێدا دەڵێنەوە.

بەرنامەی تواناسازی بەرنامەیەکی پەرەسەندووی خوێندنی باڵایە و ساڵانە ١٢٠ ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە. ئەوەیش بۆتە دەرفەتێکی زێڕینی کراوە لەبەردەم هەزاران لاوی هەرێمدا بۆ ئەوەی بڕوانامەی ئەکادیمی باڵا لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهاندا وەرگرن. تاکو ئێستا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا، لەسەر ئاستی هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم (٢٢٣١) قوتابی چوونەتە بەر خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات، هەروەها لە ساڵی ئایندەیشدا ٣ زانکۆی پۆلی تەکنیکی لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم دەکرێنەوە لە جێگای هەردوو دەستەی خوێندنی تەکنیکی هەولێر و دهۆك.

سەرباری ئەم دەستکەوتانەش، بەڵام بواری پەروەردە و خوێندن بوارێکی هەمیشە کراوە دەمێنێ بەسەر گۆڕانکاری و پێشکەوتن و هەڵکشانی زیاتردا، بۆیە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناوی دروستکردنی ژینگەی لەبار بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی زیاتری ئەم بوارە ئەم بەرنامەیە دەکاتە ئەرکی سەرشانی خۆی:

١ - هەڵمەتی نیشتیمانی بەرفراوان دەستپێدەکەین بۆ دروستکردنی زیاتری قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەی ئەوانەی کە هەن.

٢ - کار دەکەین بۆ بەرزکردنەوەی مووچە و دەرماڵەی مامۆستایان لە هەموو ئاستەکانی خوێندن.

٣ - کار دەکەین بۆ بەکارهێنان و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای زانیاری لە هەموو بوار و قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستان، لە قۆناغە سەرەتاکانی خوێندنەوە تا خوێندنی باڵا، بە جۆرێك لەگەڵ ڕەوتی تیژڕەوی پێشکەوتنەکانی سەردەم بگونجێت.

٤ - کار دەکەین بۆ سەربەخۆیی زانکۆکان لە رووی ئەکادیمی و پیشەییەوە.

٥ — کار دەکەین بۆ ڕێزگرتن لە حەرەمی زانکۆ و دەستوەرنەدان لە کاروباری زانکۆ.

٦ - کار دەکەین بۆ تەرخانکردنی بودجەی تایبەت و بەرزتر بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و سوود وەرگرتن لە ئەنجامی توێژینەوەکان لە بوارە پسپۆرییەکاندا.

٧ - بە سیستەمی قبوڵی مەرکەزیدا دەچینەوە، بەجۆرێك کە لەگەڵ ئاستی قوتابیان و پەرەپێداندا بگونجێت و قوتابیان لەو بەش و زانکۆیانە وەربگیرێن کە لەگەڵ ئارەزوویاندا دەگونجێت.

٨ - قوتابیان هان دەدەین بۆ فێربوونی زمانانی دیکە، بەتایبەتی زمانە زیندووەکانی جیهان، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە سەرچاوە و شارەزاییە گرنگەکانی جیهان.

٩ - پەرە بە سیستەمی تواناسازی دەدەین بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابیان و هەوڵ دەدەین بە شێوازێکی باشتر ڕێکی بخەینەوە.

١٠ - ئەکادیمیستەکان هان دەدەین بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکەین.

١١ - هاوکاری دەزگاکانی خوێندنی باڵا دەکەین و پەرە بە کوالێتی خوێندن لە زانکۆ ئەهلییەکان دەدەین.

١٢ - پەرە بە شێوازی بەزرکردنەوەی پلەی زانستی لە زانکۆکان دەدەین بە جۆرێك کە لەگەڵ پێوەرە زانستییە جیهانییەکاندا بگونجێت.

١٣ - پەیوەندی زیاتر لەگەڵ زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان دروست دەکەین و هەوڵ دەدەین سوود لە شارەزاییەکانیان وەربگرین.





# شەهیدان و ئەنفالکراوان

لە بواری خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیداندا، وێڕای کارکردنی بەردەوام بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و هێنانەوەی روفاتەکانیان و سەرلەنوێ بە خاکسپاردنەوەیان لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها مووچەیەکی شایستە و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان دابینکراوە و هەلی خوێندن بۆ کوڕ و کچانی شەهیدان فەراهەم کراوەو ١٠٠٪ تێچووی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنیان لە زانکۆ ئەهلییەکانیش لە ئەستۆ گیراوە. ئەرکی چارەسەرکردن و رەوانەکردن بۆ نەخۆشخانەی ئەهلی یان بۆ دەرەوەی وڵات و خەرجی دەرمانی کەسوکاری شەهیدان و جینۆساید و بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی و زیندانیانی سیاسی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمە. زیندانیانی سیاسی وەکو توێژێك لە قوربانیانی سیاسەتی نەگریسی بەعس ماف و ئیمتیازی تایبەت بە خۆیان و منداڵەکانیان دابینکراوە.

بۆ بەرز و بەرێز راگرتنی شوێنی شایستەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی سیاسەتەکانی بەعس، هەنگاوی باش نراوە، بەڵام هێشتا کاری زۆرتریش ماوە کە لیستی پارتی بە ئەرکی خۆی دەزانێ تەواویان بکات:

١. بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی راگواستن و ئەنفال و کیمیاباران لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

٢. فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق و هەموو ئەو کۆمپانیانەی چەکی کۆمەڵکوژیان بە حکومەتی بەعس فرۆشتووە کە قوربانیانی ئەو تاوانانە قەرەبوو بکەنەوە.

٣. تەواوکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و بەرزتر کردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانیان.





# ئاسایش

یەك لە شـــانازییە هەرە مەزنەكانی هەرێمی كوردستان پاراســـتنی ســـەرو ماڵی هاووڵاتیانی كوردســـتان و دابینكردنی ئەو ئاســـایش و سەقامگیری و ئارامییە كە خەڵكی كوردستان لە سایەیدا بە ئاسودەیی دەژین، ئەمەش لـــە هەرێمێكدا هاتۆتەدی كە وەك ناوچەكانی دیكـــەی عێراق و وڵاتانی دراوســـێمان و ناوچەكە بە گشتی لە ژێر هەڕەشەی تیرۆردایە.

پەسەندكردنی یاسا و دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی كوردستان و یەكخستنەوەی دەزگا ئەمنییەكان و یەكخستنی یەكەكانی پێشـــمەرگەی كوردستان كە لە ســـاڵانی رابردوودا بەئەنجام گەیشـــت هۆكارێكی گرنگی ئەو سەقامگیرییە بووە و بۆیەش بەردەوام دەبین لەسەر هەرچی زیاتر پتەوكردنی ریزەكانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و تێكڕای ئاسایش پارێزانی وڵات.

لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان كار دەكات بۆ:

١. پتەوتر كردن و كاراتركردنی پرۆسەی یەكگرتنەوەی هێـــزی پێشـــمەرگە و هێـــزی ئاسایشـــی هەرێمی كوردستان.

٢. بەرزكردنـــەوەی مووچە و دەرماڵـــە و ئیمتیازاتی هەمووو هێزەكانی ناوخۆ و ئاســـایش و پێشـــمەرگە و هاوتا كردنـــەوەی ئیمتیازات و خانەنشـــینیان لەگەڵ هاوپۆلەكانیان لە عێراق.

٣. دابینكردنـــی بەشـــە بودجە و كەلوپـــەل و چەك و تەقەمەنی و هەموو پێداویســـتییەكانی دیكەی هێزی پێشمەرگە لە حكومەتی فیدراڵەوە.

٤. بەرزكردنـــەوەی ئاســـتی كارامەیی و پســـپۆری هەمـــوو ئەم هێزانە لە رێی كردنـــەوەی خولی تایبەت و ناردنی كادیـــرە لێهاتووەكانیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەشـــداریكردن لە خول و خوێندن لە پەیمانگا و زانكۆ پسپۆرییەكاندا.





# کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

**أ - سێکتەری کار**

یەکێك لە گرنگترین سـێکتەرەکانی ئـەم بوارە، کارە. لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چالاکانە کار دەکات بۆ:

١. هەموارکردنی هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندیدارن بە کار و مووچە و کرێ و گوزەران و سەلامەتی پیشەیی کرێکارانەوە.

٢. دەرکردنی یاسا و بڕیاری پێشکەوتنخوازانە لە هەر بوارێکدا کە هێشتا یاسای بۆ دەرنەکراوە.

٣. پەرەســـەندن و گەشـــەکردنی هەرێمی کوردستان و جووڵـــەی بازاڕی کار، ئەرکی ئەوە دەخاتە ئەســـتۆی حکومەتی هەرێم کە ستراتیژێکی گونجاوی بۆ کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و بوارە جیاجیاکانی چالاکی ئابووری لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزارییە و گەشتیاری هەبێ، بۆ ئەوەی سوودی تەواو لە هێزی کار و سامانی مرۆیی کوردستان وەرگیرێ.

٤. دۆزینەوە و فەراهەمکردنی دەرفەتی ڕاستەقینەی کار کە بتوانێ هێزی کاری هەرێمی کوردســـتان بخاتە مەیدانـــی کارکردنـــەوە و ڕێژەی بێـــکاری و بێکاری دەمامك کراوی نـــاو دامەزراوەکانی حکومەتیش کەم بکاتەوە.

**ب - سێکتەری بێکاری**

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی پلاندانان ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردســـتاندا لە نێوانی ســـاڵی ٢٠٠٧ کە (١٤٪) دا بووە لە ســـاڵی ٢٠١٢دا دابەزیوە بۆ (٧٪). ئەگەرچـــی ئەم ڕێژەیە وەها دیارە کە ڕێژەیەکی کەمە، بەڵام بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردستان کە بە قۆناغی ئینتیقالیدا تێدەپەڕێ و سەرقاڵی بونیاتنانی ژێرخان و دانانی کۆڵەکەکانی گەشەپێدانە و پێویستی بەوەیـــە کە هەموو هێـــزی کار بخاتـــە مەیدانەکەوە، ڕێژەیەکی زۆرە. لیســـتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ شـــێلگیرانە لەم سێکتەرەدا کار بکات.

بێگومان سیاسەتی پاڵپشتیکردنی پرۆژە بچووکەکان بۆ گەنجـــان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و بێکاران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و سوودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و ئەو لاوانەی بڕوانامەیان نییە، لە ڕێی پێدانی قەرزەوە، ڕۆڵی لەم دابەزینەدا هەبوو. لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان قەرز بە (٣٨٢١) کەس دراوە بە گۆژمەی ٤١ملیار و ٢٩٧ ملیۆن و ١٠٠ هەزار دینار. لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە:

١. ئیـــش لەپێنـــاوی فراوانکـــردن و پەرەپێدانی ئەم سیاســـەتەدا بکات و بنکەی مەشق و ڕاهێنانی زۆرتر و لەبواری جیاجیادا بکاتەوە و لە خوێندنیشدا بایەخی زۆرتر بە خوێندنی پیشـــەیی بدات کە کادیری کردەنی بۆ بازاڕی کار ئامادە دەکات.

٢. دەرکردنی ئەو یاســـا و بڕیارانەی هێنانی کرێکاری

بیانی و مەرجدار دەکات بە پســپۆری و شارەزایی زۆر تایبەتدا.
٣. دەرکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی کۆمپانیا بیانیاکان پابەند دەکات بە بەگەڕخستنی هێزی کاری ناوخۆ.



٤. هانــدان و پشــتیوانی کردنی کەرتــی تایبەت لە ڕێگەی هەمواركردن و کاراکردن و پەسەندکردنی هەردوو یاسای کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و یاسای ڕاژەی شارستانی و خانەنشین ژمارە ٣٩.
ج - سێکتەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆی بەشەکانی ئەم سێکتەرە گرنگانەی بواری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کار دەکات لەپێناوی:
١. پەســەندکردنی یاسای بەساڵاچوان کە پرۆژەکەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.
٢. زیادکردنی خانەکانی بێ سەرپەرشتان و بەساڵاچوان و دامەزراندنەوەیان بەپێی ستانداره جیهانییەکان لەبواری چاودێری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا.
٣. بەرزکردنەوەی ئاســتی خوێندن و ڕاهێنان و شیاندن لە پەیمانگاکانــی کەمئەندامان لە ڕێی بەرزکردنەوەی ئاســتی پرۆگرام و ئامرازەکانی خوێندن و ڕاهێنان بۆ ئاستی ستاندەری جیهانی، هەروەها لە ڕێی زیادکردنی بودجە و ژمارەی دامەزراندنی مامۆستا و ڕاهێنەران و کارمەندان بۆیان.
٤. سیســتمی بیمەی بێکاری بکرێتە سیســتمێکی چەندجارە کە پەیوەندیداربێ بــە جارانی بێکار بوونی کەســەکەوە بەو مەرجانــەی بــۆ دیاریکردنی بێکار دانراون.



٥. هەموارکردنــەوەی یاســای کەمئەندامــان بەپێی ستاندەرە جیهانییەکان و ئەو هەڵکەوتە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگاکەمان هەیەتی و لەگەڵ داخوازییەکانی ئەم توێژە کۆمەڵایەتیەدا زیاتر بگونجێ.
٦. هەموار کردنەوەی یاســای ســزادان و گرتنەبەری ڕێکاری توندوتۆڵتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی و هێنان و بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان.
٧. دامەزراندنی بنکەکانی چارەسەرکردنی ئالوودەبووان بە مادده هۆشــبەرەکان کە بــە هەماهەنگی لەنێوانی وەزارەتــی تەندروســتی و وەزارەتــی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەپێناوی شیاندنەوەی کۆمەڵایەتیاندا.



# تەندروستی و ژینگەپارێزی

لە بواری خزمەتگوزاریی تەندروستیدا لە ساڵانی رابردوودا توانراوە پێشڤەچوونێکی رێژەیی بەرچاو دابین بکرێ. ئەم خزمەتگوزارییە چەند بوارێك لە خۆ دەگرێ وەکو:

- بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی خزمەتگوزاری تەندروستی لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان لەلایەن پزیشك و پەرستیاران و کارمەندانی تەندروستی و دەرمانسازان و هەموو ئەو هێزە مرۆییەوە کە لەم بوارەدا کار دەکەن.
- دابینکردنی تەندروستیی گشتی و هوشیاریی تەندروستی و پاراستنی.
- دروستکردنی پرۆژەکانی تەندروستی لە نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەم کەرتەوە.

بواری ژینگەپارێزی بوارێکی یەکجار گرنگی سەردەمیانەیە کە نەك تەنیا پەیوەندی بە ژیانی نەوەکانی ئەمڕۆوە هەیە بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ ئایندەی نزیك و دوور و ژیانی نەوەکانی داهاتوو دیاری دەکات، هێزی تایبەتی زێرڤانی هەیە بۆ پاراستنی ژینگە و دارستانەکان و بە یاسا کارەکانی رێکخراوە و راوکردن و کوشتنی ئاژەڵ و باڵندە و برین و سووتانی دراستانەکان پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاوی رووبار و جۆگەکان قەدەغە کراوە و بەردەوام رووبەری سەوزایی لەناو شارو شارۆچکەکان و دەوروبەریاندا زیاد دەکرێ و رێنمایی تایبەت بە کارگەکان دەدرێ و دەخرێنە ژێرچاودێرییەوە، بەڵام هەم لە بواری تەندروستیدا و هەم لە بواری ژینگەپارێزیدا هەنگاوی زۆرتر ماون بهاوێژرێن، بۆیە بەڵێن دەدەین چاو بە سەرتاپای سیستمی تەندروستی و ژینگەپارێزیدا بگێڕینەوەو کەم و کورتییەکانی چارەسەر بکەین. بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەیە بە:

١. ژمارەی نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی و پزیشك و کارمەندان و پەرستیارانەوە.

٢. دەرفەتی زیاتر بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەی ئەهلی دەڕەخسێنین بەپێی ژمارەیەك رێنمایی لە بابەتی کوالیتی و ئاستی خزمەتگوزارییەکان و نرخەوە.

٣. پێویستە سیستمی هاوردەکردن و کوالیتی دەرمان و کەرەستە و ئامێرەکانی تەندروستی و شێوازی بەکارهێنانیان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵێکی توند و سەردەمیانە کە لەگەڵ ستانداردی جیهانی یەکبگرنەوە.

٤. بە ستاندارد کردنی یاسا و رێنمایی و رێکارەکانی ژینگەپارێزی لەسەر بنەمای ستانداردە جیهانییەکان.

٥. بەرزتر کردنەوەی سزا و رێکارە یاساییەکان دەرهەق بە سەرپێچیکاران لە هەموو سێکتەرەکانی راوکردنی ئاژەڵان و برینی دار و دارستانەکان و پیسکارانی ئاو.

٦. دەرکردنی یاسا یان بڕیارێك کە هەموو خاوەن ماڵێك و خاوەن دوکانێك یان مارکێتێك یان هەر بەرژەوەندییەکی دیکەی لەو جۆرانە ناچار بکرێ دار و درەخت و سەوزایی و گوڵ و گوڵزار لە بەرژەوەندییەکەیدا بڕوێنێ و سەرپەرشتی بکات.

٧. بەدواداچوونی بەردەوام بۆ پرۆژەکانی کەمەرەی سەوزایی شار و شارۆچکەکان دەکەین و دووپاتی دروستکردن و سەرپەرشیکردنیان دەکەینەوە.



# ئافرەتان و منداڵان

بـــۆ داکۆکی کردن لە مافەکانـــی ئافرەتان و منداڵان لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکات بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١. هەموار کردنەوەی هەمـــوو ئەو ماددە و برگانەی لە یاسا کارپێکراوەکاندا جیاکاری لە نێوانی نێر و مێدا دەکەن.

٢. کارا کردنی هەموو ئەو ماددە یاســـاییانەی سزای بکوژانی ئافرەت دەدەن بە بیانووی نامووس پەرستی.

٣. دابینکردنی بیمەی تەندروســـتی بۆ ئەو دایکانەی تووشـــی نەخۆشـــییەکانی شـــێرپەنجە و نەخۆشـــییە درێژخایەنەکان دەبن.

٤. کردنەوەی سندوقی هاوکاری بۆ ئافرەتانی جیابۆوە و دایکانی بێ هاوسەر.

٥. کردنـــەوەی بنکـــەی ڕاهێنان و شـــیاندنی تایبەت بە ئافرەتان لە چوارچێوەی ســـێکتەرەکانی چاودێری کۆمەڵایەتیدا.

٦. کاراکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و دابینکردنی شەڵتەر و شـــوێنی گونجاوتر و هاوکاری مـــاددی و مانەوی بـــۆ ئەو ئافرەتانـــەی دووچاری دەســـتدرێژی و توندوتیـــژی دەبنەوە یان لە دەســـتیان هەڵدێن.

٧. کاراکردنی یاســـای قەدەغەکردنـــی کارکرپێکردنی منداڵان.

٨. پەســـەندکردنی هەموو ئەو پرۆژە یاســـایانەی لەم بوارەدا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە یان ئامادەکراون و نەخراونەتـــە ناو بەرنامـــەی کاری پەرلەمانەوە یان هەموارکردنەوەیان پێویستە. بەتایبەتیش یاسای مافی منداڵ، یاســـای خێزانی جێگرەوە بۆ ئەو منداڵانانەی بێ سەرپەرشتن و دووچاری توندوتیژی و زەبروزەنگ دەبنەوە.

٩. بە یاساکردنی سیستەمەکانی دەستەی باڵای خانمان و سیستمی ناوخۆی داینگەکان.







## رۆشنبیری

بـــواری رۆشـــنبیری و هونـــەر لە ســـاڵانی رابردوو پێشـــکەوتنی گـــەورەی بەخۆوە بینیـــووە و چەندین دەســـکەوتی گرنگ بە دەســـت هاتوون، بۆیە لیستی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بەڵێن دەدات کە جگە لە بەردەوامیدان بەم ئەرکانـــە، کار و پرۆژەی دیکەش بە ئەنجـــام دەگەیەنێت وەك زامنکردنی باشـــتری ژیان و گوزەرانی چالاکوانانی ئـــەو بوارانە و زامنی زیاتری ماف و ئازادییەکانیان، زیادکردنی پشتیوانی ماددی بۆ کار و بەرهەمەکانیان، دەرچواندنی یاسای خانەنشینی هونەرمەندان کە ئێستا لە پەرلەمانە، هەروەها گرنگی دەدات بە کۆکردنەوە و پاراستنی شوێنەوار و بەڵگەنامەی نەتەوەییمان و درووستکردنی ئەرشیفخانەی نیشتمانی، کاریش دەکەین بـــۆ دامەزراندنی مولحەقی کولتووری کوردی لە تەواوی نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە دەرەوە و سەفارەتخانەکانی عێراق. لە هەوڵیش بەردەوام دەبین بۆ چەسپاندنی رەسمییەتی زمانی کوردی لە عێراقدا .

## وەرزش

ئـــەو بوژانەوەو پەرەســـەندنەی لە بـــواری وەرزش لە کوردستاندا هاتۆتەدی، ئەنجام و بەری رەنج و بایەخدانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و نێوەند وەرزشییەکانە بەو بوارە گرنگە، بۆ درێژە پیدان بەم بوژانەوەیە لیستی پارتی دیموکراتی کوردســـتان کار دەکات بۆ هەرچی زیاتر بایەخدان بەم بوارە گرنکە و لە ئایندەشـــدا جگە لـــە درێژەپێدانی ئەو بەرنامەیە، هەوڵدەدات لە شـــارە سەرەکییەکانی کوردستاندا کۆمەڵگای وەرزشی مۆدیرنی نوێ بە پێوەرە نێودەوڵەتی و ئۆڵۆمپییەکان دروست بکات کە هەم ئاستی وەرزش زیاتر لە کوردستاندا پێشدەخات، هەم دەبێتە مایەی ئەوەی کوردستان بتوانێت میوانداری پاڵەوانێتییە جیهانییەکانی وەرزش بکات،هەروەها چەند ئەکادیمیایەکی جیهانی بۆ پێگەیاندنی وەرزشکاران بۆ منداڵ و لاوان دەکەینەوە تا وەرزشکاری کورد بە ئاستی بەرزی جیهانی دروســـت ببن و لە داهاتوودا ئەنجامی باش بۆ میللەتەکەیان بەدەستبێنن.



# لاوان

لاوان سامانی مرۆیی هەرێمی کوردستان و هێزی کاری ئێستا و ئایندەن و توانای ڕەخساون بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی گەشەپێدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا. لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بایەخ و شێلگیرانە کار دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە:

١. دەرکردنی یاسای ئەرك و مافەکانی لاوان کە تێیدا دەستنیشانی کێشە ستراتیژیەکانی لاوان و چارەسەریان کرابێ.

٢. کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە ڕێی سەرلەنوێ هەیکەلەکردنەوەی دامودەزگاکان و بازاڕی کاری گشتی و کەرتی تایبەت.

٣. سیستەمی بیمەی بێکاری بکرێتە سیستەمێکی چەندجارە کە پەیوەندیداربێ بە بێکار بوونی کەسەکەوە بەو مەرجانەی بۆ دیاریکردنی بێکار دانراون.


٤. کردنەوەی ماڵی لاوان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمدا، پێویستی و ئامراز و کەلوپەلەکانی ژیانی هاوچەرخ و وەرزش و هوشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرییان تێدا دابین کرابن.


٥. بایەخدان بە سێکتەرەکانی خوێندن و پەروەردە و شیاندن و ڕاهێنان و وەرزش و ڕۆشنبیری و چالاکی هونەری و زانستی لاوان، هەر یەکە لە بواری تایبەتی خۆیدا.

٦. دانانی سندوقی پشتگیریکردنی هاوسەرێتی بۆ لاوان لە ڕێی پێدانی قەرزی درێژخایەنەوە.

٧. کاراکردنی سیستەمی خوێندنی خێرا و کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر بۆ ئەم مەبەستە.







# ئایین و ئایینزاکان

کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی فرەییە لە رووی ئایین و ئایینزاوە. پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە جیاجیاکان و رەتکردنەوەی پەرگیری و توندڕۆیی ئایینی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر بەناوی ئایینەوە، سیماگەلێکی جوانی کۆمەڵگاکەمانە و شانازی پێوە دەکەین و کار بۆ هەرچی زیاتر چەسپاندنی ستوونەکانی دەکەین تا دەبێتە کولتوور و کۆهوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا.

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم بوارەدا هەوڵدەدات ئەم ئەرکانە جیبەجێ بکات:

١. بە نەتەوەییکردنی دامودەزگاکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

٢. کار کردنی بەردەوام لە پێناو ریفۆرمی ئایینی، بەجۆرێك لە لایەك ئەم ریفۆرمە کۆك و گونجاو بێت لەگەڵ بنەما جێگیرەکانی ئایین و لە لایەکی دیکەش توانای پێکەوەژیانی هەبێ لەگەڵ گیانی سەردەم و هاوچەرخیبوون.

٣. بەردەوامیدان بە کردنەوەی خول و وۆرکشۆپی زانستییانە لە بوارە جیاوازەکانی پێگەیاندنی ئەکادیمییانەی پێشنوێژ و وتارخوێن و هەموو ئەوانەی لە نێوەندە ئایینییەکاندا کار دەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش سود لە دەرفەتی بردنە دەرەوە وەردەگرین و لەناوخۆی کوردستانیشدا پەرە بەو بوارە گرنگە دەدەین.

٤. کارکردنی بەردەوام لە پێناو قوڵترکردنەوەی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئایینی و گیانی لێبوردەیی و خۆشەویستی بەندەکانی خودا جا خاوەن هەر ئایین و ئایدۆلۆژیایەك بن. بۆ ئەم مەبەستەش بایەخ بە سازدانی دیالۆگی ئایینی لە نێو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دەدەین، بە ئاراستەی قوڵترکردنەوەی کولتووری قبوڵکردنی یەکتری و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی ئایینەکان، کە ئێستاش لە کوردستان بوونی هەیە و رەگوڕیشەکەشی بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە،چونکە کوردستان بە وێنەیەکی جوانی ئەم کولتوورە خۆی نمایشکردووە و بەردەوامیش لە پێشکەوتندایە.

٥. هانی مامۆستایانی ئایینی دەدەین کە وتارەکانیان بە جۆرێك رێکبخەنەوە، هەم خزمەتی گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان بکات و هەم زانستییانە و سەردەمییانەش بێت.





# چاکسازی ئیداری کۆمەڵگەی مەدەنی

سیستمی ئیداری هەمیشە پێویستی بە نوێکردنەوەو پێداچوونەوەو چاکسازیی هەیە تا لەگەڵ پێشهات و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەکردنی هەرێم و فراوانبوونی ئەرك و خزمەتگوزارییەکانی حکومەتدا بگونجێت. لەم بوارە کاری زۆر کراوە، بەڵام لە بەرنامەی ئەمجارەی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا جیا لە بەردەوامی لەسەر پەرەپێدانی کارەکانی ساڵانی رابردوو، بەڵێنیش دەدەین کە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتیتر و گشتگیر لە کۆی سیستمی ئیداری هەرێمدا بکەین و لایەنە گەش و سەرکەوتووەکانی ئیدامە پێبدەین و کەم و کورتییەکانیش چارەسەر بکەین و لەگەڵیدا سیستمی دارایی هەرێم بە جۆرێك نوێبکەینەوە کە ئاسانکار و هاندەر بێت بۆ ئەو گەشەیەی لە کوردستاندا بەرێوەدەچێت و لە ئاستی پەرەسەندنەکاندا بێت، هەروەها قۆناغەکانی رێگرتن لە دەستێوەردانی حیزبی لە کاروباری ئیداریدا ئیدامە پێدەدەین تا بە تەواوی ئەو دوو کایەیە لەیەکدی جیادەکەینەوە.

لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، یەکێك لەو بوارانەی کە وەك بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کوردستاندا کاری لەسەر کراوە، پێکهێنان و فراوانبوونی سانديکا و یەکێتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئێن جی ئۆکان بووە، هەوڵەکانیش لەمبارەیەوە لە بواری یاسایی و تیۆری و پراکتیکیدا بەرهەمدار بوونە، هەربۆیە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە روانگەی زانینی رۆڵ و گرنگی سەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتییە پیشەییەکان وەك بەشێك لە ئەڵقە گرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە دەتوانن رۆڵی گرنگ بگێڕن لە پێشخستن و بە دامەزراوەکردنی کۆمەڵگادا هەوڵ دەدات پێگەی ئەو رێکخراوانە لە رێگای رێکخستنی سەربەخۆییان و جیاکردنەوەیان لە دەسەڵات بەهێز بکات.

لیستەکەمان بڕوای بەوە هەیە کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تا بکرێت فراوانتر و کاراتر و فرە پسپۆرتر بکرێت، لە هەڵبژاردنی پێشوودا بەڵێنمان دابوو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەییەوە رێکبخەینەوە، ئەوەبوو بۆ ئەم مەبەستە یاسای رێکخراوە ناحکومییەکان لە پەرلەمان پەسەند کرا و «فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان» دامەزرێنرا و ئێستا رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنەمای کارکردنەوە هاوکاری دەکرێن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش ئاستێکی پێشکەوتووی کارکردنی ئەم بوارەیە.

لە داهاتووشدا کار بۆ ئەم خاڵانە دەکەین.

# جوانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پێشاندانی خواستی خەڵک و ململانێی ئاشتی و دیموکراتیانەیە

**دوای پێنج رۆژ لە دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریداوە ئەمڕۆ دووشەممە ٢ ئەیلوول دەست بە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆی بکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم هەڵمەتە و ئامادەسازییەکانی پارتی بۆ ئەم هەڵبژاردنە، چەندین پرسیارمان رووبەڕووی هەردوو بەڕێزان جەعفەر ئیمینکی و رێبوار یەڵدا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووەوە بەڕێزیان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتنە ئاخاوتن.**

**گوڵان:** دیارە ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیارتانداوە کە ئەمڕۆ دووشەممە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەست پێ بکەن، بۆچی ئێوە دواکەوتن و هاوکات لەگەڵ قەوارە سیاسییەکانی دیکە دەستان بە هەڵمەتی هەڵبژاردن نەکرد؟

**جەعفەر ئیمینکی:** هەموو قەوارەیەکی سیاسی کە بەشداری لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەکات، رۆژێك بۆ خۆیان دیاری دەکەن و لەو رۆژەدا بەفەرمی بانگێشەی هەڵبژاردن دەست پێدەکەن، هەر بۆیە مەرج نییە هەموو قەوارە سیاسییەکان لە یەك رۆژدا دەست پێ بکەن، هەروەها مەرجیش نییە ئەو رۆژەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دیاری دەکات هەموو قەوارەکان لەو رۆژەدا هەڵمەتەکە دەست پێ بکەن، ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان بە باشمان زانی کە هەڵمەتێکی بەهێز بەڵام زۆر درێژ نەبێت و خەڵکیش زۆر ماندوو نەکەین، پێشتریش دامانනابوو کە رۆژی دووشەممە ٢ی ئەیلوول لە ئاهەنگێکی خۆشی و دەستپێکدا دەست بە بانگەشەی هەڵبژاردن بکەین، لەم ئاهەنگەدا مەبەستمان ئەوەیە لە کەرنەڤاڵێکی جەماوەریدا پەیام و بەرنامەی خۆمان بگەیەنینە رای گشتی و خەڵکی کوردستان.

**گوڵان:** ئەم ئاهەنگە لە یەك شوێن دەست پێدەکەن، یان لەهەموو ناوچەکانی کوردستان ئاهەنگ دەگێڕن و هەڵمەتەکە دەست پێدەکەن؟

**جەعفەر ئیمینکی:** ئەو ئاهەنگەی ئەمڕۆ دووشەممە لە هەولێر سازی دەکەین، ئاهەنگی سەرەکیە و لە هەولێرەوە دەست بە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکەین، ئەم ئاهەنگە بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی و دەیان هەزار خەڵك بەڕێوە دەچێت و ئاهەنگی سەرەکی دەبێت و ئەوەی دیکە لە شارەکانی تر ئارەزوومەندانەیە ئەگەر بە چاکیان زانی ئاهەنگی دەستپێك سازدەکەن، ئەگەر نا دەچنە چالاکیی مۆبلیزەیشن(هاندانی جەماوەر) کە لە ماوەی سێ هەفتەیەدا بەرنامەو پلانیان هەیە، کە پەیوەندی دەکەن بە یەکەیەکی دەنگدەران، لە پراکتیزەکردنی ئەو پلانەدا هەموو رێکخستنەکان و هەوادارانی ئێمە بەسەر گرووپدا دابەشکراون بەپێی پسپۆری و چین و جوگرافی. ئەمەش واتە هەموو سەرکردایەتی و کادرە پێشکەوتووەکانی پارتی و تەنانەت ئەوانەی پۆستیشیان هەیە لە بەغداو لە شوێنی دیکە، داواکراون بێنەوە و بەشداری بکەن لەگەڵ لیژنەو میحوەرەکانی خۆیان. بۆ ئەمەش چەند لیژنەیەکمان دیاریکردووە، پێش هەموو شت لیژنەیەکی باڵامان هەیە، هەورووەها چەند لیژنەیەکی پسپۆرمان هەیە، لەوانە لیژنەی هاندانی جەماوەر کە لیژنەیەکی زۆر فراوانە، کە کاك رێبوار یەڵدا سەرپەرشتیی دەکات، لیژنەی تەکنیك و ژووری عەمەلیات کە لە بواری راهێنانی بریکار و کارەکانی دیکەی تەکنیکی دەنگدان کە بتوانین مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ رێنماییەکانی کۆمسیۆن بکەین، ئەو لیژنەیەش کاك خەسرۆ گۆران سەرپەرشتیی دەکات، ئەو لیژنانە ئەکتیڤن و کۆبوونەوەی خۆیان کردووە، هەروەها لیژنەی راگەیاندن کە کاك مەحمود محەمەد سەرپەرشتیی دەکات کە لیژنەیەکی بەرفراوانە، بێجگە لەمەش لیژنەی کارگێڕی و دارایی و لۆجیستی، ئەمەش لیژنەیەکی سەرەکیی لیژنەی باڵایە، کە بەرپرسە لە وەرگرتنی پێتاك بۆ هەڵمەتەکە، هەروەها کڕینی کەرەستەی ئامادەکراو، ئیشی سەرەکیی ئەم هەڵمەتە کە بەڕێوەدەچێت دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەی هاندانی جەماوەریی و لەوێدا لیژنەکانی دیکە هەموو دەچنە خوارێ، لە ئاستی پارێزگا دواتر بۆ قەزا، لە ئاستی قەزا ئینجا بازنە دەست پێدەکات، هەموو لقەکانی حزب لەسەر ئاستی رێکخراوەکان بازنەیان دروستکردووە، لەوەدا ناوچەو بنکە و لقیش بوونەتە بەشێك لە بازنە، هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆتە بەشێك لە بازنە، ئەو بازنەیە هێڵی سەرەکیی پەیوەندیکردنە، کە پەیوەندیی بەردەوام و رۆژانەو راستەوخۆیان لەگەڵ دەنگدەر دەبێت.

**گوڵان:** سەرۆکایەتی هەرێم بۆ دەسپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ئەم هەڵمەتە بە ئاشتی و دیموکراتیانە بەڕێوە بچێت، بەڕای جەنابتان ئەمڕۆ سەرۆك بارزانی وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان چی بەخەڵك دەڵێت؟

**جەعفەر ئیمینکی:** دڵنیام کە هەموو کات پەیامی جەنابی

**دڵنیام کە هەموو کات پەیامی جەنابی سەرۆک پەیامی ئاشتی بە خەڵکی کوردستان و رای گشتی رادەگەیەنێت، کە ئەم ئاشتییەی کوردستان بپارێزن و هەڵمەتێکی پاک بەڕێوەبەرن**

**لەم قۆناخەدا ئەوەی لای ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بە گرنگی دەزانین ئەوەیە ئاشتی و ئارامی کوردستان پارێزراو و بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی بڕوامان بەوە هەیە بێ سەقامگیریی سیاسی زەحمەتە بتوانین ئەم وڵاتە بەسەرکەتوویی بەڕێوەبەرین**





## جەعفەر ئیمینکی:

# لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا پارتی ڕێژەی دەنگەکانی زۆر زیاد دەکات

## ڕێبوار یەڵدا:

# پارتی هێندە متمانەی بەخۆیە چاوی لەوەیە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگی پێبدات

سەرۆك پەیامی ئاشتی بە خەڵکی کوردستان و رای گشتی رادەگەیەنێت، کە ئەم ئاشتییەی کوردستان بپارێزن و هەڵمەتێکی پاك بەڕێوەبەرن، ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون مایەی خۆشحاڵینە و دەبێ زیاتر بکرێن، وابیر دەکەمەوە کە جەنابی سەرۆك زیاتر تەئکید لەسەر هاووڵاتی بکات لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش کەمدەرامەتان کە زیاتر پێویستیان بە هاوکاری و خزمەت هەیە و حکومەتی هەرێمیش زیاتر هاوکاریان بکات، لە بواری بیمەی تەندروستی، بێکاری، هەروەها خەڵکێکی هەژار هەن لە کوردستان چاویان لە قەوارە سیاسییەکانە کە چییان بۆ دەکەن و من لەو باوەڕەدام سەرۆك تەرکیز لەسەر ئەم خەڵکەش دەکات، لە بواری ستراتیژیی پارتی هەمیشە پارێزەری مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بووە کە درێخی نەکردووە، بەڵام ئەمڕۆ رۆژی هاووڵاتییە لەم کوردستانەدا چاوی لەم هەڵبژاردنەیە کە هانی بدات بەشداری تێدا بکات، بۆیە کە بەشداریش دەکات دەبێ هەندێ مەسەلەشی پێبگوترێت، بۆیە من پێموایە کە مەینەتییەکانی هاووڵاتی لە هەرێمی کوردستان کە دەبێتە بەشێك لە وتارەکەی سەرۆك بارزانی و دڵنیاییەکیان لا پەیدا دەکات.

**گوڵان:** لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ـەوە، ئەمە یەکەم جارە پارتی بەم شێوەیە دەچێتە هەڵبژاردن بە لیستی تایبەت و لەگەڵ یەکێتی نییە، ئایا تایبەتمەندیی ئەو هەڵبژاردنە چییە بەنیسبەت پارتییەوە؟

**جەعفەر ئیمینکی:** تایبەتمەندیی ئەو هەڵبژاردنە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی قۆناغێك تێپەڕی، کە قۆناغێکی سیاسی پڕ لە گرژی بوو، گرژیی سیاسی هەتا گرژیی مەیدانی لە نێوان هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان، دەتوانین بڵێین ئاشتەوایی ناوخۆ، پێکهاتنی پارتی و یەکێتی لەژێر فشارێکی دیکەدابوو، واتا فشارێکی دەروونی زۆر سەخت، ئەمە یەکەم جارە، ڕێکخستنەکانی ئێمەو یەکێتی لەژێر فشار کارنەکەن، ئاسوودەمەندانە کاربکەن بە بڕوابەخۆبوونەوە، بەوەی کە پرۆسەی سیاسی لە مەترسیدا نییە، ئەمەش زۆر گرنگە کە بتوانیت بەو متمانەیە بە ڕێکخستنەکان و بە دەنگدەری خۆت بەشداری بکەیت لە پرۆسەیەکی دیموکراتی، چونکە دیموکراسیەت متمانەیەو ناتوانیت لەژێر فشار هەڵمەت ئەنجام بدەیت. هەربۆیە من دڵنیام ئەمجارە لەژێر ئەو ململانێیە شارستانییە و رکابەریی سیاسی بە گیانێکی وەرزشی هەم وادەکات ئەندامانی پارتی ئەکتیڤترین و هەم وادەکات کە دەنگدەرانی پارتی بەگەرموگوڕتر لە جاران بە هانای پارتییەوە بێن، لەم قۆناخەدا ئەوەی لای ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بە گرنگی دەزانین ئەوەیە ئاشتی و ئارامی کوردستان پارێزراو و بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی بڕوامان بەوە هەیە بێ سەقامگیریی سیاسی زەحمەتە بتوانین ئەم وڵاتە بەسەرکەتوویی بەڕێوەبەرین. ئێمە وەك هێزێکی سیاسی باس لەوە ناکەین کێ بە نیازخراپی کاردەکات، ئەنجامەکانمان پێ قبووڵە ئەگەر گلەییشمان هەبێت ئەوا گلەیی لە کۆمسیۆن و لە دادگا دەکەین، لەدوای ئەم هەڵبژاردنەش کە ئێمەو یەکێتیش بە جیاواز دێینەخوارێ وەك دووهاوپەیمان دەمانەوێ بەرچاوڕوونییەك بدەینە دەنگدەر و رای گشتی، دواتر هەردوولامان بە هاوپەیمانێتیی جاران کاردەکەین بۆ مەسەلەی یەکلاکردنەوەی حوکمڕانی و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێشتر چۆن بڕوامان بە حکومەتێکی بنکە فراوان هەبوو، حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی کە هەردووکیان یەك چەمکن کە بە زاراوەی جیاواز باسی لێدەکرێت، بڕوامان بەوەش هەیە ئیستحقاقی پەرلەمانی کە پەرلەمانی کوردستان باشتر لە جاران کاربکات.

**ڕێبوار یەڵدا:** مرۆڤ دەتوانێت چوونە ناو هەڵبژاردنی قەوارە سیاسییەکان بە لیستی سەربەخۆ بە ئاماژەیەك بخوێنێتەوە، ئاماژەی چوونەپێشەوەی دیموکراسییەت، زۆر جار دیموکراسییەت لەچوارچێوەی حزبێکدا هەستی پێدەکرێت کە فشارێکی لەسەرە بۆ بەشداریش نا، بەڵکو بۆ دەنگدانیش کە دەبێ وا دەنگ بدات، هیوادارم دەرئەنجامەکەشی هەر ئیجابی بێت و لەوێوە

**مایەی دڵخۆشییە کە ئێمە بتوانین وەک لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دیموکراسییەت لە قۆناغێکەوە بگوازینەوە بۆ قۆناغی پێشکەوتووتر**

**ئێمە وەکو ئەندامانی پارتی لەنێو خۆماندا هیچ لەخۆباییەک بەدی ناکەین، کە دەڵێین با لە ٢١ی مانگ هەڵبژاردن بکرێت، دەڵێین پارتی لەخۆباییە**

**پارتی لە سەختترین کات و ساتەوەختدا برواو متمانەی بەخۆی هەبووە**

**ئەو دەستکەوتانەی لەم چەند ساڵەدا بەدی هاتوون ئەوانە دەبنە بنەمای بەهێز کە وا لە خەڵکەکە بکات کە متمانەیان پێمان هەبێت**

**من وای بۆ دەچم یەکێتی بە دیدێکی ئیجابی هەڵمەت دەکات، بە پێچەوانەی گۆڕان و حزبەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، پارتیش بە هەمان شێوەوە بەئیجابی و پێشتریش هەر بەم شێوەیە ئیشی کردووە**

هاوپەیمانێتیی دروست ببێت، مایەی دڵخۆشییە کە ئێمە بتوانین وەك لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دیموکراسییەت لە قۆناغێکەوە بگوازینـــەوە بۆ قۆناغی پێشـــکەوتووتر، هەڵبەتـــە هاووڵاتیش هەســـت بەوەدەکات کە ویســـت و ئازادییەکـــەی و بوونی هیچ فشارێکی لەســـەر نییە، بۆ ئەوەی بتوانێت دەنگ بدات، راستە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو، کە هاوپەیمانێتی لە نێوان لیستەکان دەکرا کە ئەویش کارێکی ئاسایی بووە، بەڵام خەڵکێك هەبووە ئەم هاوپەیمانێتییە بە نا تەندروســـت دەخوێننەوە، ئەمە لەکاتێکدا لە هەموو حاڵەتێکدا بەشێکی تەندروستی تێدایە کە بە ئیرادەی دوو لایەنە، بەڵام ئەمڕۆکە ئەوەهەر حزبەو بە لیستی جیا دادەبەزێت، لە هەمـــان کاتدا لە چوارچێوەی لیســـتەکەش چەند ئازادییەك دراوە بـــە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حزبە کە بتوانێت لە نێو ٨٠ تا ١٠٠ کەســـێك یەکێك دەست نیشان بکات تا دەنگی پێبدات. ئەمەش لایەنی ئەرێنی خۆی هەیە و هیواداریـن هەنگاوی زیاتر لە پرۆسەی دیموکراتی بچینە پێشەوە.

**گـــوڵان:** هەندێـــك پێیانوایە کـــە پارتی ئەم جـــارە جۆرێك لە خۆباییبوونی پێوە دیارە، بۆیە حزبیشـــی لەوەیە بە لیستی جیا دابەزێت، ئایا ئەمە وایە؟

**ڕێبوار یەڵدا:** ئێمە وەکـــو ئەندامانی پارتی لەنێو خۆماندا هیچ لەخۆباییەك بەدی ناکەین، رەنگە پارتی زۆرینە بێنێت، هەمیشە پارتییـــان تۆمەتباردەکـــرد کە نایەوێت هەڵبـــژاردن بکرێت، یان دەیەوێـــت تەگەرە بخاتە ناو هەڵبـــژاردن یان دەیەوێت دوابخرێت، ئێســـتاش کە دەڵێیـــن با لە ٢١ی مانگ بکرێـــت دەڵێن پارتی لەخۆباییە، رەنگە لەوەوە بێت کە لەخۆی رادەبینێت زۆرینە بێنێت، جا ئەگەر پێمان بکرێت لەو وادەیەدا بیکەین بۆچی نەیکەین.

**گوڵان:** سەرچاوەی ئەو متمانە بەخۆبوونەی پارتی چییە؟

**ڕێبوار یەڵدا:** پارتی هەر ئێســـتا متمانـــەی بەخۆی نەبووە، لە ســـەختترین کات و ســـاتەوەختدا برواو متمانەی بەخۆی هەبووە، وتارەکەی جەنابی ســـەرۆکتان خوێندۆتەوە یان گوێتان لێی بووە کە لە خواکورك باســـی کرد، ئەو کاتە دوای ئەنفالەکان بوو، کە ئەو کاتە چەکی کیمیایی بەکارهات و رژێم هێرشـــی دڕندانەی کرد و خەڵکەکـــە هەندێکیان ئاودیوی تورکیا یـــان ئێران بوون، ئەو کاتە ســـەرۆك تەئکیدی لە چی دەکردەوە، ئەو کاتە متمانە هەبوو متمانەی رێژەیی، ئەمڕۆ رێژەی متمانەکەی بەرزتربۆتەوە چونکە ئەمڕۆ دەســـەڵاتدارە، حوکمڕانە، بەرنامەی خۆی هەیە خزمەتـــی خەڵکی کردووە ژمارەیەکـــی دەنگدەرانی لە ئەندامان و هەوادارانی خۆی هەیە، ســـەرلەبەری بەرنامەکەی بۆ خەڵکە، جا من بمەوێ خزمەتـــی خەڵك بکەم و ئەوانیش بەپیرمەوە بێن، بۆیە متمانەکە لەوێدایە. هەروەهـــا ئەگەر یەکێك بێت چاوبخاتە نێو بەرنامەی ئێمە بۆ ئەم هەڵبژاردنە هەســـت دەکات کە ئێمەو لایەنەکانی دیکە بەشێك بووینە لە حوکمڕانی، ئەو دەستکەوتانەی لەم چەند ســـاڵەدا بەدی هاتوون ئەوانە دەبنە بنەمای بەهێز کە وا لـــە خەڵکەکە بکات کـــە متمانەیان پێمـــان هەبێت کە مادام ئـــەو کارانەمان کردووە. ئەو کاتە خەڵـــك حوکم دەکات، چونکە زۆر ئاســـانە کەسانێك هەموو ئەوشـــتانەی کردووتە لەبەرچاوی نەگرن یان بڵێن هیچتان نەکردووە، بەڵام کە ژمارەو داتاکان هاتنە بەرچاو، خەڵکێك تەماشـــای کرد هەر لە بواری پەروەردەوە بگرە لە زیادبوونی ژماری قوتابخانە و مامۆســـتاو قوتابی هەروەها زیادبوونی زانکۆکان، پێشکەوتنی بواری تەندروستی و ڕێگاوبان، و کارەبـــا و ســـەرجەم بوارەکانی دیکە کە پەیوەســـتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە، کە هەســـت دەکرێت ئێمـــە چەند قۆناغێك چووینە پێشێ، ئەو خزمەتە ناڵێم جێگەی شانازییە بەقەد ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە کە خەڵك رازی بێت.

**گوڵان:** ئەمڕۆ لەگەڵ دەســـتپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن چی بە خەڵك دەڵێن؟

**ڕێبوار یەڵدا:** ئەمڕۆ بە خەڵکەکە دەڵێین ئێمەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، ئەمە لیســـت و بەرنامەی ئێمەیە، کە ئێمە ئیشی لەســـەردەکەین، بێجگە لە چالاکی دیکـــەی هونەری، هەروەها وتارێکـــی جەنابی ســـەرۆکی تێدایە کە وەك ســـەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بەشداری دەکات، لەو پەیامەیدا جەنابیان تیشـــك دەخاتە ســـەرەهەندێ لایەنی ئەمڕۆی دەســـتپێکردنی هەڵمەتـــی هەڵبژاردنەکە، لەگەڵ ئـــەو بەرنامەیەی کە ئێمە بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئیشی بۆ دەکەین. لە ناوچەکانی دیکەش هەر یەك بەشێوەی ئارەزوومەندانە دەست بە هەڵمەتەکە دەکەن.

**گوڵان:** ئەی ســـەبارەت بە کاندیدەکان، ئایا دابەشدەکرێن بەسەر ناوچەکان یان هەندێك تەفزیل دەکرێن؟

**ڕێبوار یەڵدا:** نەخێر کەس تەفزیل نەکراوە، بەڵام لەوانەیە هەندێك کاندید لە ناوچەیەك رەنگە ناسراوتر بێت و دەنگی زیاتری هەبێت، بەڵام چونکە کوردســـتان یەك بازنەیە هەر کاندیدێك دەتوانێت لە هەر شوێنێك بیەوێت دەنگ بۆ خۆی کۆبکاتەوە، هەر کاندیدێك بـــە پێی توانای خۆیەتی، چەنـــد لایەنگری خۆی هەیە لە نێو رێکخســـتەکاندا واتا کەس لەسەر کەس تەفزیل ناکرێت، تەنانەت ژمارەی بەردەم ناوی کاندیدەکانیش هەروا هاتووە.

**گوڵان:** بێگومان لەنێو کاندیدەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو کاندیدی ئافرەت هەیە، ئایـــا چۆن لەگەڵ کاندیـــدە ئافرەتەکان مامەڵە دەکەن، ئایا ئەوان بە سیستمی کۆتا کار دەکەن؟

**جەعفەر ئیمینکی:** خۆی سیســـتەم گەرەنتی بە ئافرەت داوە، لە کـــۆی ١٠٠ کاندید ٣٣ یان ئافرەتن، ئافرەتان وەکو پیاو نین، لەو رێژەیەی کورسییەکان کە پارتی بەدەستی دێنێت دەبێ ٣٣ لەسەد بـــۆ ئافرەت بێت، ئەوجا دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان بەپێی ئەو رێژەیـــەی بۆ ئافرەت تەرخانکـــراوە، کاندیدی پیاو لادەبردرێت و ئافرەت دەچێتە شوێنی، ئەو رێژەیەش بەپێی دەستووری عێراقەو یاســـای هەڵبژاردنیش گەرەنتی کردووە، رەنگە ئافرەت هەبێ بە ٥ هـــەزار دەنگ بچێتە ناو پەرلەمـــان و پیاویش هەبێت بە ١٥ هـــەزار دەنگ نەتوانێت بچێت، یان ئافـــرەت هەیە بەو ٥ هەزار دەنگە شـــوێنی پیاوێك بگرێت کە دەنگی بەدەست هێناوەو بوتە کاندیـــد، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆتای ئافـــرەت تەواونەبووە، دەبێ تەواوبکرێت.

**گوڵان:** پرســـیارێك بۆ هەردوو بەڕێزتان، ئێـــوە لەگەڵ یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان هاوپەیمانن، ئەم جارەش هەردوولا بەجیا دابەزیـــون، ئایا خاڵی هاوبەشـــتان هەیە بـــۆ بەڕێوەبردنی ئەم هەڵبژاردنە، یان هەر کەسەو چۆن بێتەبەری هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ خۆی دەکات؟

**جەعفـــەر ئیمینکی:** هەڵمەتی پارتی جیـــاوازە لەگەڵ یەکێتی، ئێمـــە نازانین ئەوان چ پلانێکیان بۆ خۆیان داناوە، خاڵی هاوبەش لە تێڕوانین و شـــیکردنەوەو بەرنامە هەیە، خۆ لە دوو هەسارەی جیـــاوازەوە نەهاتووین، پێکەوە هاوپەیمانی یەکدی بووین، هەردوو لامان باســـی دەســـتکەوت و خزمەتگوزارییەکان دەکەین، ئەوان

ڕەنگە بە شێوازێکی جیاواز و ئێمەش بە جیاواز باسی دەکەین، لە بەڕێوەبردنی هەڵمەت هەردوولامان جیاوازین، هەوڵدەدەین بەپێی ئەزموونی پارتی و یەکێتی ئەم هەڵمەتە جوان بکەین، من وای بۆ دەچم یەکێتی بە دیدێکی ئیجابی هەڵمەت دەکات، بە پێچەوانەی گۆڕان و حزبەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، پارتیش بە هەمان شێوەوە بەئیجابی و پێشتریش هەر بەم شێوەیە ئیشی کردووە، لەسەر ڕێکخستنەکانی ئێمەو ڕێکخستنەکانی یەکێتی پێویستە کە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین، لە ئەزموونی دنیاش هەیە، بۆنموونە لە هەندێك شوێن تایبەتن بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە حاڵەتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەبێ مراعاتی یەکدی بکەین، لە ستۆکهۆڵم ئەوە مەیدانی سۆشیال دیموکرات هەبوو، لە هەڵمەتدا ڕێز لەو مەیدانە دەگیرا، ئێمەش دەبێ ئەوە بکەین لە باری سایکۆلۆجی، بۆ نموونە گردبوونەوەیەکی پارتی لەوێیە، خەڵکێکی دیکە نەچێت بڵێ دەبێ من هەر لێرە بم.

**ڕێبوار یەڵدا:** کارە هاوبەشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دیارن، کە پێکەوە حوکمڕانی دەکەین، ئەو دەستکەوتانەش هاوبەشن و هەر یەکەش بەشێك لەو دەستکەوتانە بە هی خۆی دەزانێ، هەردوو لامان باس لە دەستکەوت دەکەین، بەڵام شێوازی پڕوپاگەندەکە جیاوازە، ڕەنگە پەیوەست بێت بە پێکهاتەو شێوازی خودی دوو حزبەکە، هەروەها سایکۆلۆژیەتی ئەندامان و جەماوەری دوو حزبەکە، بەڵام بۆ ئاییندەش وا دەخوێنرێتەوە کە ئێمەو یەکێتی شتی هاوبەشمان هەیە.

**گوڵان:** سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتیش گۆڕان کە هەست دەکرێت لە یەکەم ڕۆژی هەڵمەتەکە زمانێکی زبر و ناخۆش بەکاردێنێت، ئەگەر دۆخەکە هەڵکشا، چۆن لەگەڵ دۆخەکە مامەڵە دەکەن؟

**ڕێبوار یەڵدا:** ئەو شتانە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەرچاو دەکەون، زمانی گۆڕان و هەندێ لایەنی دیکە هەمیشە هەر وابووە، هەندێ جار هەڵچوونیشی پێوە دیارە، تەنانەت نەك هەر لە زمان بەڵکو لە جووڵەی جەستەیی ئەندامەکانیشیان دیاربووە، دیارە ئەو ڕوونکردنەوەیەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش هەر بۆ ئەوە بووە کە ئەم هەڵمەتە شارستانیانە بەڕێوەبەرین، تاکو ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابی هەبێت نەك هەر بۆ ئێرە بەڵکو بۆ چاودێرانی دەرەوەش کە دەمانبینن.

**جەعفەر ئیمینکی:** ئێمە هیوادارین کە گۆڕان لەم هەڵمەتەدا شێوازی ٢٠٠٩ دووبارە نەکاتەوە، چونکە هەڵمەتێکی دواکەوتووبوو، بۆ هیچ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراسی لە دنیا گونجاو نەبوو، پەلامارێکی زۆری ڕێکخستنەکانی پارتی و یەکێتی دا، ئێمە دەمانگوت بزووتنەوەی گۆڕان ئەو شێوازەی پێی دروستبووە کاردانەوە بووە، واتا کاردانەوەی ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوو، هیوامان وابوو کە ئەمە کاتی بێت و سنووردار بێت و بەردەوام نەبێت، ئێستاش ئەوەی بەدی دەکرێت دەیانەوێت بە هەمان عەقڵیەت و میتۆدی جاران هەڵمەت بەڕێوەبەرن، ئەمە مەترسییە بۆ سەر پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستاندا، پێشتریش گوتوومانەو دەیڵێینەوە ئەوان هەر هەڵەیەك بکەن بێجگە لە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردن، تووشی لێپرسینەوە لەلایەن کۆمسیۆن دەبن، وەك پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو ڕێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر بەرامبەر هەموو ئیستیفزازێکی گۆڕان، لە هەمان کاتیشدا مەترسی ئەوە هەیە گرژییەك دروست بکەن لە نێوان جەماوەر و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەر بە شێوازێکی مەیدانی ئەو گرژییە بچێتە سەرجادە مەترسی لەسەر هەڵمەتەکە دروست دەکات، چونکە هەموو هەڵمەتێك گەرموگوڕیی پێوە دیارە.

**ڕێبوار یەڵدا:** زانیاری هەیە کە گۆڕان دەیەوێت هەڵمەتەکە تێك بدەن، یان هەر نەکرێ!

**گوڵان:** ئەگەر لێتان بپرسم ئایا سەبارەت بە دەنگەکانی پارتی لەم هەڵبژاردنە چی دەڵێن و مەزندەتان چۆنە؟

**ڕێبوار یەڵدا:** ئێمە وەك پارتی دەنگی خۆمان زیاد دەکەین، دانیشتوان لە زیادبوونە، لە هەموو دنیا ٣٪ یان ٤٪ ئەمە زیادەی ساڵانەی دانیشتوانە، بەپێی ئەمەش ئێمە حسابی خۆمان دەکەین و پێگەی پارتی بەهێزبووە، دەنگی پارتی زیادبووە ئەمەش وادەکات پارتیش چاوی لە کورسیی زیاتر بێت.

**گوڵان:** بەڵام خاڵی لاوازتان لە سلێمانییە؟

**جەعفەر ئیمینکی:** پێشتر لەوێ هەبوو، بەڵام وەکو جاران خاڵی لاوازمان لە سلێمانی نەماوە. دەتوانم بڵێم لە سلێمانی بەڕێژەی ٥٪ دەنگەکانمان بەرەوپێش چووە، هەڵمەتێکی باش هەبێت دیسان دەرفەتمان هەیە هێشتا باشتری بکەین.

**گوڵان:** پەیامی ئێوە بۆ دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان چیە؟

**ڕێبوار یەڵدا:** پەیامی ئێمە دەبێت هەڵقوڵاوی پەیامی پارتی بێت، بەڵام دیسان ڕەنگە هەر مرۆڤێك فەلسەفەیەکی لە ژیاندا هەبێت، من بەش بەحاڵی خۆم لایەنی تەرکیز لەسەر پێکەوەهەڵکردن و یەکدی قبوڵکردن و پێکەوە ژیان و چەمکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کوردستانێکی گەشاوەتر دەکەم، خۆشە مرۆڤ وەك کادیرێکی حزب و وەك کاندیدی حزب چاوی تیژبێت کە هەموو مرۆڤەکان ببینێت، بە هەموو چینەکانەوە، ئەرك کە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو ڕێگایەوە بتوانێت خزمەتی ئەوانە بکات کە پێویستیان پێیەتی لە چینی نەدار و کەمدەرامەت، زیاتر لەوانەی کەم پێویستن، تەرکیز لەسەر پیر و پەککەوتەو بەساڵاچوو و منداڵ و ئافرەت بکرێت.

**جەعفەر ئیمینکی:** دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم ئەزموونە لە ١٩٩٢ تا ئەمڕۆ هەنگاوی جدی هاویشتووە، بەشدارێکی کارا بووە لە هەموو پرۆسەکان تا ئەمڕۆکە، ئەمەش دەرفەتێکی دیکەیە لە بەردەم پارتی کە ئەم ئەزموونە فراوانتر و قووڵتر بکەین، منیش وەك کاندیدێك ئەوەی لەدەستم بێت بۆ دیارکردنی ناوەڕۆکی پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پەیامی ئاشتی و ئەوانەیە کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە بە خەڵکی ستەمدیدەو هەژاران بگەیەنین، پارتی لە حەزو خواست و مەینەتییەکانی خەڵکی کوردستان جیاناکرێتەوە، لەمەدا دەرفەتێکی دیکەیە لەبەردەم ئێمەی کاندیدانی پارتی و هاووڵاتیش دڵنیا بکەینەوە کە پارتی بۆ ئیشی قورس و قوربانیدان دروست بووە و لە سەنگەری پێشەوەیە بۆ بەرگریکردن و خزمەتکردن، پێشتریش کاندیدو ئەندامەکانی پەرلەمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی خۆیان بینیوە، ئێمەش ببینە تەواوکەری ئەوان و ڕەنگە ئەوان دەرفەتیان زۆر بۆ نەڕەخسابێت لە ساڵانی پێشتر کە ئێمە بتوانین تەواوی بکەین و خزمەتی زیاتر بکەین.

**شێوازی پڕوپاگەندە لای پارتی و یەکێتی جیاوازە، ڕەنگە پەیوەست بێت بە پێکهاتەو شێوازی خودی دوو حزبەکە، هەروەها سایکۆلۆژیەتی ئەندامان و جەماوەری دوو حزبەکە**

**هیوادارین گۆڕان لەم هەڵمەتەدا شێوازی ٢٠٠٩ دووبارە نەکاتەوە، چونکە هەڵمەتێکی دواکەوتووبوو، بۆ هیچ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراسی لە دنیا گونجاو نەبوو**

**پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستان، هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم ئەزموونە لە ١٩٩٢ تا ئەمڕۆ هەنگاوی جدی هاویشتووە، بەشدارێکی کارا بووە لە هەموو پرۆسەکان تا ئەمڕۆکە**



لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی بەریتانیا دەنگی بۆ ئەوە نەدا کە وڵاتەکەی بەشداری هێرشی سەربازی بۆ سەر سوریا بکات، بەڵام جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند بەڵگەکان لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ئاشکران، پێشتریش چاك هاگلی وەزیری بەرگری ئەمریکا فەرمانی کردبوو کەشتیە جەنگیەکان بەرەو سوریا نزیك ببنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەڵوێستی بەریتانیا کاریگەری نابێت و پێدەچێت ئێستا قسە لەسەر ئەوە نەبێت ئەم هێرشە دەکرێت یان نە، بەڵکو ئێستا باس لەوە دەکرێت شێوازی ئەم هێرشە چۆن دەبێت و ئەو ئامانجانە چین کە لەم هێرشە سەربازییە دەکرێتە سەریان، بۆیە لەم بارودۆخەدا کە پێش ٤٨ کاتژمێر پشکنەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سوریایان بەجێهێشتوو گەڕانەوە، لەوانەیە هەر ٤٨ کاتژمێری دیکەی پێویست بێت بۆ ئەوەی ئەو هێرشە دەست پێ بکات، ئەمەش لەو روانگەیەوە لانی کەم ئەم هێرشە پێویستی بەوەیە کە پشکنەرانی نێودەوڵەتی راپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن، ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتەش هەر چیەك بێت، هێندە پاکانەی تێدا دەبێت بۆ ئەوەی هێرشێکی سنووردار بکرێتە سەر رژێمەکەی ئەسەد و هەندێك لەتوانا سەربازییە ستراتیژییەکانی بە تایبەتی هێزی ئاسمانی رژێمی ئەسەد تێکبشکێنرێت.

ئەم هێرشە ئەگەر لە روویەکەوە سزادانی رژێمی ئەسەد بێت کە چەکی کیمیایی دژی گەلەکەی بەکار هێناوە، ئەوا لەڕوویەکی دیکەوە، باشترین ڕێگەیە بۆ ئەمریکا و رۆژئاوا کە مەترسیان هەیە چەکی زیاتر بدەن بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا، لەبری ئەوە توانا سەربازییەکانی رژێمی ئەسەد کەمبکەنەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگیەکی هێز لەنێوان رژێمی ئەسەد و چەکدارانی موعارزەی سوری دروست بێت، لەلایەکی دیکەش ئەم هێرشە سەربازییە لەبری ئەوەی بە پێدانی چەك بە موعارەزەی سوری زیاتر بارودۆخەکە بخاتە مەترسییەوە، ئەوا بە لێدانی توانا سەربازییەکانی ئەسەد، ئاستی شەڕەکە خاوتر دەکاتەوە و ژمارەی قوربانیەکانیش کەمدەبێتەوە، هەروەها ئەگەر یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم هێرشە سەربازییە تێکشکانی توانای هێزی ئاسمانی رژێمی ئەسەد و تێکدانی فڕۆکەخانەکان بێت، ئەوا لەم لایەنەشەوە سوریا لە یارمەتی دۆستەکانی کە هاوکاریی رژێمی ئەسەدیان دەکرد بەرێگەی ئاسمانی، ئەوا لەم لایەنەشەوە رژێمی ئەسەد لەوان دادەبڕێت و تواناکانی سنووردار دەکرێت.

لایەنێکی دیکە لەم هێرشە سەربازییە کە مەزندە دەکرێت کاردانەوەی جۆراوجۆی لەلایەن رژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی بەدوای خۆیدا بێنێت، بە تایبەتی حزبوڵڵای لوبنانی، ئەگەر ئەوەی هێناوەتە ئاراوە، ئیسرائیلیش لەم شەڕەوە تێوە بگلێت و هەندێك وڵاتی دیکەش بە تایبەتی تورکیا کە ئەندامی ناتۆیە، بۆیە لەم حاڵەتەدا لەوانەیە رای گشتی رۆژئاواش بۆ بەرپەرچدانەوەی کاردانەوەکانی رژێمی ئەسەد، هێرشی سەربازی دیکە بەدوای خۆیدا بێنێت، راستە هەندێك چاودێر و شرۆڤەوان رەچاوی ئەو مەترسیە دەکەن کە شەڕێکی ئیقلیمی لێبکەوێتەوە، بەڵام چەند بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت رووخانی رژێمی ئەسەد نزیکتر دەبێتەوە.

# ڤیتۆی روسیا و چین ڕێگری کرۆزی لە ئاسمانی سوریا پێ ناکرێت



## ئەلەم پایند بۆ گوڵان:

# هەتا راپۆرتی پشکنەران رانەگەیەنرێت لەسەر کەشتیەکانەوە رۆکێتی کرۆز ئاراستەی سوریا ناکرێت



**پرۆفیسۆر ئەلەم پایند بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە (MESC) لەزانکۆی ئۆهایۆ و یەکێکە لە پرۆفیسۆرە تایبەتمەندەکانی پرۆگرامەکانی دیراساتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی ناوبراو، بۆ هەڵسەنگاندنی شێواز و قەوارەی ئەو هێرشە سەربازییەی بڕیارە بکرێتە سەر سوریا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر پایند کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێستا مەسەلەی هێرشی سەربازی بۆسەر سوریا لە ئەگەر دەرچووە و باس لە کاتژمێری سفر و شێوازی هێرشەکە دەکرێت، ئایا بە بۆچوونی ئێوە ئەم هێرشە چۆن دەبێت؟**

- ئەوەی ئێمە لە سەرۆك ئۆباما گوێبستی بووینە ئەوەیە کە جۆرێك لە هێرشی نەشتەرگەری ئاسایی دەبێت- واتە دامەزراوە سەربازی و فڕۆکەخانەکان و ئەو شوێنانەی لێیانەوە چەکی کیمیایی بەکارهاتووە دەکرێنە ئامانج-. لەبەر ئەوە هێرشەکە بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی کۆمەڵێك موشەکی کروز کە لە کەشتیە جەنگیەکانی دەریای سپی ناوەڕاستەوە- نزیك لە سوریا- هەڵدەدرێن. کەواتە هێرشێك دەبێت بە چەند موشەکێکی کروز و کۆشکەکان ناکاتە ئامانج و کۆگاکانی چەکی کیمیاییش ناکاتە ئامانج، چونکە ئەمە کارەساتێکی ژینگەیی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە ئۆپەراسیۆنێکی سنوردار دەبێت. هەموو ئەمانەش دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان چی دەڵێن، ئایا بەڵگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئارادایە و ئایا هەروەك سەرچاوە هەواڵگریەکانی ئەمریکا دەڵێن لەلایەن رژێمی سوریاوە بەکارهاتوون، نەك لەلایەن موعارەزە.

*** هەندێك لە چاودێران دەڵێن بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بەزاندنی ئەو هێڵە سورەبوو کە ئۆباما ناوی نابوو، ئایا بەزاندنی هێڵی سور هەر هێندە کاردانەوەی دەوێت؟**

- ئەو دەستەواژەیەی سەرۆك ئۆباما بەکاریهێنا بریتی بوو لەوەی «ئەمە دژی نۆرمە نێودەوڵەتیەکانە»- رێککەوتننامەی جنێف-، ئەمە ئەو هێڵە سورە بوو کە سەرۆك ئۆباما کێشای، بەڵام ئەمە بۆ گۆڕینی رژێمەکە و رووخاندن و راماڵینی بەشار ئەسەد نییە، بەڵکو تەنها بۆ پەکخستنی تواناکانیەتی بۆ ئەوەی نەتوانێت دووبارە چەك بەکاربهێنێتەوە. ئێمە نازانین ئاکامی ئەم هێرشانە

چی دەبن و چەند شوێن وێران دەبێت. ئەو ئامانجانەی باس دەکرێت بریتین لە دامەزراوە سەربازیەکان و ئەو شوێنانەی لێیانەوە چەکی کیمیایی بەکارهاتووە، هەروەها فەرماندەیی سوپای سوریا، کە لەوێوە فەرمانی هێرشی کیمیایی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دراوە.

*** زۆر جار کاردانەوەکانی رۆژئاوا هەستدەکرێت تەنها بۆ رازیکردنی رای گشتیە، ئەگەر سەیری کێشەی سوریا بکەین، رژێمی ئەسەد پێش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بەچەکی تەقلیدیش کۆمەڵکوژی کردووە، بۆیە ئەم پرسە پێویستی بەیەکلایی کردنەوەی تەواو هەیە نەك هێرشێکی سەربازی سنووردار، ئایا ئەم جۆرە هێرشانە زیاتر رژێمەکەی ئەسەد بەهێز ناکەن؟**

- ئەمە ئەو پرسیارەیە کە خەڵکی دەیکەن، کە رژێمەکەی ئەسەد بە چەکی تەقلیدیش دەتوانێت خەڵك بکوژێت، کەواتە تەنها چەکی کیمیایی کوشتاری لێناکەوێتەوە، نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس کوژراون و زۆربەیان بە چەکی دیکەی -غەیرە کیمیایی-، لەبەر ئەوە ئەم کوشتارە بەردەوام دەبێت و ئەم پرسیارە لەلایەن خەڵك و ئەو شیکەرەوە و توێژەرانە دەکرێت کە دیراسەتی پەرەسەندنەکانی سوریا و شوێنەکانی دیکە دەکەن و ئەمەش رێناگرێت لەوەی رژێمەکە کوشتاری خەڵکەکەی بکات، و ئەمەش بۆتە کێشە بۆ ناوچەکە و بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هێرشەکە دەبێتەهۆی لاوازکردنی رژێمی سوریا، ئەگەر فڕۆکەخانەکان بکرێنە ئامانج، ئەوکاتە هاوکاریەکی کەمتری پێدەگات لەلایەن ئێران و روسیاوە، کە فڕۆکەکان لە ئێرانەوە و بە ئاسمانی عێراق دەگەنە -سوریا-، کەواتە هێرشەکە بەم شێوەیە بێت ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە، دەبێتە هۆی لاوازکردنی رژێمی سوریا. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە کوشتاری خەڵکەکەوە هەبێت، ئەوا بە چەکی تەقلیدی کوژراون، لەڕێی تۆپ و تانك و بۆردومانی ئاسمانی- کە رژێمی سوریا توانای بەکارهێنانیانی هەیە-. لەبەر ئەوە هەندێ پێشنیار کراوە لەبارەی ئەوەی ناوچەی دژە فڕین دروست بکرێت لە سوریا......ترسی ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا ئەوەیە ئەگەر رژێمی سوریا بڕووخێت، ئەوا ئەو چەکە کیمیاییانە بکەونە دەستی گرووپە توندڕەوەکان، ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە نایانەوێت بە تەواوی رژێمەکەی بەشار ئەسەد بڕووخێت، چونکە کاتێك سەددام حوسێن لابرا، ئەوا هێزگەلێکی دیکە هاتن کە ئەمریکا خوازیاری ئەوە نەبوو ئەم هێزانە کاریگەریان هەبێت، بەو شێوەیە عێراق کەوتە ژێر کاریگەری ئێرانەوە. و ئەمریکا و ئەوروپاش نایانەوێت ئەمە رووبدات، لەبەر ئەوە ترس هەیە لەوەی چەکی کیمیایی بکەوێتە دەستی هەندێ لەم گرووپە توندڕەوانە، بە تایبەتی بەرەی ئەل نوسرە، کە پەیوەندی بە ئەل قاعیدەوە هەیە.

*** بەڵام بەمانەوەی رژێمی ئەسەدیش کارەساتێکی گەورەی مرۆیی لە سوریا روودەدات، ئایا ئەمەش جێگەی مەترسی نییە؟**

- ئەمە تەنگژەکەیە، لەلایەك حزبوڵڵا هەیە کە لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دادەنرێت، ئەل قاعیدە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دادەنرێت و بەرەی نوسرە بە تیرۆریست دادەنرێت، رۆژئاوا لەم رێکخراوانە نیگەرانە و بە رێکخراوگەلێکی تیرۆریستیان دادەنێت، بەڵام ئەمانە باڵادەستن بەسەر بارودۆخی سوریا، چونکە کەس لەوە دڵنیانییە کە ئەگەر بەشار ئەسەد لە دەسەڵات لابرا چ لایەك بەهێز دەبێت. ئەم ترسە هەیە لە ئاست سوریا، لەبەر ئەوە هەڵناسن بە چەکدارکردنی موعارەزە. هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرێس داوا دەکەن چەکی زیاتر بدرێت بە موعارەزەی سوری، بەڵام ئیدارەی ئۆباما زۆر دوودڵە لەوەی چەکێکی زۆر بدات بە موعارەزە، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەی هەیە ئەم چەکانە بکەونە دەستی هەندێ لە هێزە توندڕەوەکان کە ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا ئەو هێزانەیان بەلاوە پەسەند نییە. ئەمە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزە.

*** لەم بارودۆخەدا رژێمی ئەسەد لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی ئاسایش لەلایەن روسیا و چینەوە پشتگیری لێدەکرێت، ئایا ئەم پشتگیرییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابەش ناکات لەسەر پرسی سوریا؟**

- پێنج ئەندامی خاوەن مافی ڤیتۆ هەن لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا- لە نێویان روسیا و چین، لەنێو ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش هەندێك دەڵێن دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و رژێمەکەی بەشار ئەسەد بکات، بەڵام کۆدەنگی نییە لە — ئەنجومەنی ئاسایشدا، چین و روسیا هاوڕانین لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا- کە خاوەنی مافی ڤیتۆن-، لەبەر ئەوە ئەنجومەنی ئاسایش کارا نییە. لەبەر ئەوە وڵاتانی وەك فەڕەنسا و بەریتانیا چاوەڕوانی ئەو راپۆرتە دەکەن کە لەلایەن پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە- کە لە سوریان- پێشکەش دەکرێت. ئەو کاتە دەڵێن کە ئەم راستیانە گرنگن. پێموایە تاوەکو راستیەکان رانەگەیەنرێن و ئاشکرا نەکرێن، پێموانیە کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکا موشەکەکانی کرۆز هەڵبدەن. ئەگەرچی هەندێ لە شیکەرەوەکان دەڵێن ئەمە تەنها مەسەلەی کاتە و بەم زووانە دەتەقێنرێن، بەڵام ئێمە نازانین چی روودەدات و باشترە چاوەڕێی راپۆرتی پشکنەرە نێودەوڵەتیەکان بکەین.

**ئەو ئامانجانەی باس دەکرێت بریتین لە دامەزراوە سەربازیەکان و ئەو شوێنانەی لێیانەوە چەکی کیمیایی بەکارهاتووە، هەروەها فەرماندەیی سوپای سوریا، کە لەوێوە فەرمانی هێرشی کیمیایی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دراوە**

**ترسی ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا ئەوەیە ئەگەر رژێمی سوریا بڕووخێت، ئەوا ئەو چەکە کیمیاییانە بکەونە دەستی گرووپە توندڕەوەکان، ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە نایانەوێت بە تەواوی رژێمەکەی بەشار ئەسەد بڕووخێت**

**ئیدارەی ئۆباما زۆر دوودڵە لەوەی چەکێکی زۆر بدات بە موعارەزە، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەی هەیە ئەم چەکانە بکەونە دەستی هەندێ لە هێزە توندڕەوەکان کە ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا ئەو هێزانەیان بەلاوە پەسەند نییە**




### جیرمی پرێسمان بۆ گوڵان:

# شێواز و چڕی هێرشە سەربازیەکە بۆ سەر سوریا ئەوە دیاری دەکات ئەسەد دەڕووخێت یان نە

**پرۆفیسۆر جیرمی پرێسمان ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ماسیۆشیتدی نێودەوڵەتی و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و نووسەری کتێبی هێز و دیپلۆماتی-یە لە پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هێرشە چاوەڕوان نەکراوەی دەکرێتە سەر رژێمی ئەسەد، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر پرێسمان ئەنجامداوە و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە**

*** هەموو جیهان پێشبینی ئەوە دەکەن رۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا گورزێکی سەربازی لە سوریا بوەشێنێت، ئەمە دوای بەکارهێنانی چەکی کیمایی لەلایەن رژێمەکەی ئەسەدەوە هات. تا چ رادەیەك گورزی سەربازی کاریگەری دەبێت لەسەر کێشەی سوریا؟**

- ئەگەری گورزی سەربازی زۆرە لەم ساتەوەختەدا و پێدەچێت گورزێکی سنوردار بێت و پێدەچێت زۆر نزیك بێت، ئەویش بەهۆی گۆڕانی دراماتیکی لە سیاسەتی ئەمریکا و رۆژئاوا، لەبەر ئەوە ئەگەری زۆرە رووبدات. ئەمریکا دەیەوێت زۆر بە حەزەر بێت لەوەی —گورزێکی سنوردار بێت- و ئامانجەکە ئەوەبێت ئەسەد سڵبکاتەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، نەك رووخانی رژێمەکەی ئەسەد. بە دڵنیاییەوەی ئەوەی دەبێت سەرنجی لێبدەین ئەوەیە ئایا تا چەند هێرشێکی چڕ دەبێت کاتێك روودەدات، بە دەربڕینێکی دیکە- ئەگەرچی ئەمریکا دەڵێت ئامانجەکە گۆڕینی رژێم نییە، بەڵام چڕی هێرشەکە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی حوکم لەسەر ئەوە بدەین ئایا ئەوە ئامانجی راستەقینەیە.

*** بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبارەی هێرشە سەربازیەکەوە ئاشکراکراون، ئامانجەکە بریتی نییە لە رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەد، بەڵکو ناچارکردنیەتی بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو کۆنفرانسی جنێف ٢ بنێت، بە بۆچوونی ئێوە ئایا بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی ئاسانە؟**

- پێموانییە لەم ساتەوەختەدا گفتوگۆیەکی سیاسی بێتەئاراوە، لە بەشێکیدا لەبەر ئەوە بارودۆخی سەربازی لە سوریا و لە بەشێکیدا لەبەر پشتیوانە سەرەکیەکانی- ئێران و روسیا-کە هیچیان بە ئاشکرا کار بەو ئاراستەیەدا ناکەن- کە کۆنفرانسی جنێف ببەسترێت- بە شێوەیەك کە چوارچێوەیەك بۆ گفتوگۆکان دابنرێت کە موعارەزە قبوڵی بکات.

*** زۆرێك لە شارەزایانی سەربازی باوەڕیان وایە هێرشی سەربازی لەلایەن رۆژئاواوە بۆ سەر سوریا هاوشێوەی هێرشی رێوی بیابان دەبێت کە لە سەدەی رابردوودا لەلایەن کلینتۆن و بلێرەوە دژی سەددام حوسێن ئەنجامیان دا، واتە هێرشکردنەسەر چەند ئامانجێکی دیاریکراو، بە بۆچوونی ئێوە، ئایا هێرشکردنە سەر ئامانجێکی دیاریکراو نابێتە هۆی ئەوەی رژێمەکەی ئەسەد پتر خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ بکات؟**

- با بڵێین ئەمریکا هیچی نەکردووە و رۆژئاوا هیچی نەکردووە، شەڕە ناوخۆییەکە بۆ چەند ساڵێکە بەردەوامە و خەڵکانێکی زۆر دەکوژرێن و ئەو کەسانەشی دەکوژرێن- مەدەنی بن یان سەربازی- بەهۆی کارەکانی رژێمی ئەسەد و سوپای سوریاوە، خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن ئەگەر گورزێکی سەربازی لێبدرێت، بەڵام ئەگەر گورزی سەربازیشی لێنەدرێت هەر خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن. بەداخەوە لە سوریادا بارودۆخێکی زۆر خراپ هەیە، شەڕێکی ناوخۆیی هەیە و ئێش و ئازارێکی مرۆیی بێئەندازە هەیە، لە رووی ژمارەی قوربانیەکان و ئەو کەسانەی لە شوێنەکانی خۆیان هەڵدەکەنرێن، ئەمە واقیعەکەیە. پێموانییە دەستێوەردانی ئەمریکا یان هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی، ئیتر ئەمریکا بێت یان ئێران یان روسیا یاخود سعودیە بێت بتوانێت بە خێرایی کۆتایی بەم بارودۆخە بهێنێت. ئەگەر ئەو گورزە سەربازیە لە چەند رۆژی داهاتوودا رووبدات، ئەوا دەبێت ماوەی گورزەکە و ئەو شوێنانە لەبەرچاو بگرین کە دەبنە ئامانجی گورزەکە، چونکە تاوەکو گورزەکە درێژ ببێتەوە و تاوەکو ژمارەی ئامانجەکان زیاتر بن، ئەوا زیاتر لە ئامانجەکە دووردەکەوینەوە-ئامانجی ئەوەی وا لە ئەسەد بکرێت سڵبکاتەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمایی-، ئەوا لە واقیعدا- ئەگەرچی رانەگەیەنرێت- ئەوا تۆ بەرەو ئامانجی دیکە دەچیت، وەك پەکخستنی توانای شەڕکردنی ئەسەد، یان گۆڕینی رژێمەکە، یان ناچارکردنی رژێمەکە بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆنفرانسی جنێفدا بکات بەو مەرجانەی ئەمریکا یان موعارەزە تەفزیلی دەکەن. کەواتە دەوەستێتە سەر ماوە و ژمارەی ئامانجەکانی گورزەکە، ئەگەر کورتخایەن بێت و چەند شوێنێکی کەم بکاتە ئامانج، ئەوا تەنها بۆ ئەوەیە سڵبکاتەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

**ئەمریکا دەیەوێت زۆر بە حەزەر بێت لەوەی —گورزێکی سنوردار بێت- و ئامانجەکە ئەوەبێت ئەسەد سڵبکاتەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، نەک رووخانی رژێمەکەی ئەسەد**

**پێموانییە دەستێوەردانی ئەمریکا یان هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی، ئیتر ئەمریکا بێت یان ئێران یان روسیا یاخود سعودیە بێت بتوانێت بە خێرایی کۆتایی بەم بارودۆخە بهێنێت**

*** جیهان ئەزموونی سەددام حوسێنی بینیوە لە ماوەی ١٩٩٠بـــۆ ٢٠٠٣، لە ماوەی ئەو ١٣ ســـاڵەدا، عێراق رووبەڕووی چەند هێرشـــێکی سەربازی لەسەر حسابی خەڵکەکە بۆوە. سوریا بەرەو کارەساتێکی مرۆیی گەورە دەچێت، ئەگەر هێرشـــەکە ئەنجـــام بدرێت و رژێمەکە نەگۆڕێت، ئایا پێتوانییە کارەســـاتە مرۆییەکە دژوارتر دەبێت؟**

- بـــۆی هەیە بارودۆخەکـــە خراپتر بێـــت، تێڕوانینە گشتیەکە ئەوەیە ئەگەر گوزرێکی سەربازی سنووردار لەلایـــەن ئەمریکا و بەریتانیا- و هەر لایەنێکی دیکە- ئەنجام بدرێت، ئەوا بە شێوەیەکی دراماتیکی نابێتەهۆی گۆڕینـــی بارودۆخەکە، ئەگەر ئەوە راســـت بێت کە ئامانجەکـــە بۆ ئەوەیە چەکـــی کیمیایی بەکارنەیەت. ئەوا شـــەڕێکی ناوخۆیی بێڕەحمانە بەردەوام دەبێت کە خەڵکێکی زۆر بەدەســـتیەوە گرفتـــار دەبن. ئەگەر لە روانگەیەکی مێژووییەوە-٢٠ بۆ ٢٥ساڵی رابردوو- لە عێراق بڕوانین، ئەوا- ئەمریکا- پتر لەڕووی سەربازیەکە لـــە عێراق تێوەگلا، من تەنها باســـی ٢٠٠٣ ناکەم کە عێراقـــی داگیرکرد-.....کە پێموانییە دۆخەکە دەگاتە ئەو رادەیە لە سوریا-. بەڵام تەنانەت لە نەوەتەکاندا کە ئەمریکا لەگەڵ بەریتانیا و فەڕەنسا ناوچەی دژەفڕینی سەپاند بەســـەر عێراقدا، ئەوا لە ئێستادا ئەمریکا ئەو شێوە تێوەگلانە ســـەربازیەی نییە لە سوریادا. کەواتە جیاوازیەکی دراماتیکی لە نێـــوان عێراقی نەوەتەکان تاوەکو ســـەرەتای دوو هەزار لەگەڵ سوریای ئێستادا هەیە -ئەویش لە روانگەی دەســـتێوەردانی دەرەکیەوە- ئەوەیە ئەمریکا دەســـتێوەردانێکی سەربازی کەمتری هەیە- لە ســـوریا-. هەروەها نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە دەستێوەردانی روسی و سەربازی هەیە لە سوریادا.

*** هەرچەندە روسیا رایگەیاندووە کە هەوڵی راگرتنی هێرشی سەربازی نادات، بەڵام وەزیری دەرەوەی روسیا بە ئاشـــکرا رایگەیاند کە ناکرێت کەیســـی سوریا بە رێگاچارەی ســـەربازی یەکلابکرێتـــەوە. ئایا باوەڕتان وانییە ئەگەر ئامانجی هێرشـــەکە گۆڕینی رژێم بێت، ئەوا روسیاش هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت؟**

- ئەوەنـــدەی نموونەی عێراق لەم رووەوە ســـوودمەند بێت، ئەوا تێڕوانینی ئەمریکا و بەریتانیا گۆڕانکاری بەسەرداهات لە ماوەی نەوەتەکان بۆ ساڵی ٢٠٠٠دا، لە ســـاڵی ١٩٩١دا بەریتانیا بوونێکی سەربازی گەورەی هەبوو، بەڵام رژێمەکە نەگۆڕدرا، ئەگەرچی بژاردەی ئەوەیان لەبەردەمدا بوو بەرەو بەغدا بچن، بەڵام نەچوون، بژاردەی ئەوەیان لەبەردەمدا بوو پتر پشتیوانی راپەڕینی ١٩٩١ دژی ســـەددام بکەن، بەڵام ئەمریکا و بەریتانیا ئـــەم کارەیان نەکـــرد. لە کاتێکدا لە ســـاڵی ٢٠٠٣دا ئامانجەکە بۆ گۆڕینی رژێمەکە گۆڕا. کەواتە ئەوەی ئێوە دەیڵێن بە تەواوەتی راستە کە دەکرێت گۆڕانکاری لە ئامانجەکانی رۆژئاوا ببینین لە سوریادا-ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە بە دڵنیاییەوە دەگۆڕێت، چونکە تا رادەیەك ئامانجەکە هەر وەك خۆی ماوەتەوە. بارودۆخەکـــە نائاســـاییە، حاڵەتەکـــە ئەوەیە وڵاتێك ئامانجگەلێکی دەبێت و سیاسەت و تاکتیك دەگرنەبەر بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە، بەڵام لێرەدا وا دەردەکەوێت کـــە تاکتیك ئامانج بەدوای خۆیدا رابکێشـــێت، لەبەر ئەوەی دوودڵیەکی زۆر هەیە لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە بۆ ئەوەی لە شەڕێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوەبگلێت، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر داڕشتنی ئامانجەکان، یاخود کاریگەری هەبووە لەســـەر ئەوەی ئامانجەکان سنوورداربن.

*** هەمیشە رژێمی سوریا هێرشی کرۆدتەسەر ئیسرائیل وەك کاردانەوەیەك بۆ هێرشەکانی رۆژئاوا، بە دڵنیاییەوە حاڵی حازر رژێمی ســـوریا لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی هاوپەیمانن، کە بە ئاســـانی دەتوانێت هێرش بکاتە سەر ئیســـرائیل وەك کاردانەوەیەك بۆ هێرشەکانی رۆژئاوا، بەپێی بۆچوونی ئێوە، تا چەند هاوڕان لەســـەر ئەوەی ئەم هێرشانە زەمینەسازیەکن بۆ شەڕێکی خوێناوی لە ناوچەکەدا؟**

- رێی تێدەچێت سوریا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، بەڵام پێموانییە ئەمە ئەگەری روودانی هەبێت، هۆکارەکەش ئەوەیـــە کە کاردانەوەی ئیســـرائیل ســـنووردار نابێت- ئاشـــکرایە ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی ئێمە باس لە چ جۆرە هێرشێك دەکەین، بەڵام ئەگەر سوریا هەوڵێکی گەورە بخاتەگەڕ بۆ هێرشـــکردنە سەر ئیسرائیل، وەك کاردانەوەیەك بۆ هێرشـــی ئەمریـــکا و رۆژئاوا، ئەوا پێشبینی من ئەوەیە هێزی ئاسمانی ئیسرائیل دەکەوێتە گیانی سوریا. ئاشکرایە ئامانجی کۆتایی رژێمی ئەسەد رزگاربوونیەتی لە شەڕە ناوخۆییەکە و مانەوەیەتی لە دەسەڵاتدا، بەڵام هێرشکردنە سەر ئیسرائیل ئەم ئامانجە دەخاتە مەترسیەوە، لەبەر ئەوەی ئیسرائیل بۆردۆمانێکی سنووردارنەکراو دژی ســـوریا ئەنجام دەدات. ئیسرائیل بە هەمان شـــێوەی ئەمریکا دوور نییە، چونکە دووری جوگرافی تەرجەمە دەبێت بۆ جۆرێك لە سیاســـەت-. کەواتە ئایا رێی تێدەچێت ســـوریا هێرش بکاتە ســـەر ئیســـرائیل، بەڵێ، بەڵام باجەکە زۆر گران رادەوەستێت، کە رەنگە وایان لێبکات سڵبکەنەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ببێتەهۆی ئەوەی رژێمەکەی ئەســـەد لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا کۆنترۆڵ لەدەستبدات.

رێی تێدەچێت سوریا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، بەڵام پێموانییە ئەمە ئەگەری روودانی هەبێت، هۆکارەکەش ئەوەیە کە کاردانەوەی ئیسرائیل سنووردار نابێت

ئاشکرایە ئامانجی کۆتایی رژێمی ئەسەد رزگاربوونیەتی لە شەڕە ناوخۆییەکە و مانەوەیەتی لە دەسەڵاتدا. بەڵام هێرشکردنەسەر ئیسرائیل ئەم ئامانجە دەخاتە مەترسیەوە

# ئاڵۆزیی ڕەوشی سوریاو ئایندەی نادیار



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

هێشتا سوریا وەك گرفتێکی ئاڵۆز ماوەتەوەو ئەم ئاڵۆزییە هیچ دەرفەتێکی لەباری بۆ دووبارەبوونەوەی یەکێ لەدوو مۆدێلەکەی لیبیا و یەمەن نەهێشتۆتەوە. گەورەترین کێشە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە خەریکە مۆدێلی ئەفغانستان لە سوریا دووبارە دەبێتەوەو نیگەرانییەکی زۆر لە ئەگەری دەرکەوتنی قاعیدە وەك هێزێکی سەرەکی لەئایندەدا لەئارادایە. بەشێکی ئاڵۆزییەکە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لەکاتێکدا قاعیدەو ڕۆژئاوا لەیەك سەنگەردان لەدژی ڕژێمی ئەسەد و لەکاتێکدا قاعیدە خۆی بەدوژمنی ڕوسیا و ئێران و حزبوڵڵای لوبنان دادەنێ کەهەرسێکیان بەنەیاری ئەمریکا دادەندرێن، ئەم هاوسەنگەرییە بەو سەرەنجامە نەگەیشتووە کە لێکنزیکبوونەوەو متمانە لەنێوان هاوسەنگەرەکان بێنێتەوە دی.

باسك ئەستووربوونی قاعیدە لەناو سوریا ڕێگرە لەبەردەم هەر هەنگاوێکی ڕۆژئاوا بۆ کۆتایی هێنان بەرژێمی ئەسەد. هەر ئەمەشە کە ئەسەدی هانداوە خۆی وەك تاکە ئەلتەرناتیڤی توندڕەویی قاعیدە بناسێنێ. بۆ ڕۆژئاوا، کێشەکە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە مانەوەو ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بێ کێشە نییە چونکە مانەوەی بەو ئاکامە دەگات کە ڕۆژئاوا ئەزموونی ساڵانی ١٩٩١- ٢٠٠٣ی عیراق دووبارە بکاتەوەو بچێتە سەر تیۆرییەکەی «هێشتنەوەی ڕژێم بەلاوازی و گەمارۆدراوی. ڕوخانیشی بەبێ دڵنیابوون لەچارەنوسی ڕژێمی داهاتوو، کێشەیەکی گەورەترە.

بەهەمان پێودانگ، ناکرێ چاوپۆشی لەوە بکرێ کەململانێی سوریا درێژبوونەوەی بۆ ناو عیراق هەیە و لێکترازانی تایفەگەریی نێوان شیعە و سوننەی قوڵتر کردۆتەوە. بەهۆی ئەمەوە، سوننەکان زۆرتر بەلای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەددا دادەشکێنن و شیعەکان زۆرتر پشتگیری لەمانەوەی یاخود لانی کەم لەچارەسەرێکی سیاسی دەکەن. ئەگەرچی سوننەکان کەمتر چەکداریان بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانی ڕووخاندنی ئەسەد ناردۆتە ناو سوریا، بەڵام قاعیدە هەم لە سوریا هەم لە عیراق بەناوی سوننەوە قسە دەکاو خۆی بەنوێنەری سوننەکانی ئەمبەرو ئەوبەری سنوور دادەنێو سوننەش هان دەدا چەکداری زۆرتر بۆ سوریا بنێرن.

لەم سەروبەندەدا شیعەکان لەسەر ئاستی نافەرمی، نەیانتوانیوە خۆیان دوورەپەرێز ڕابگرن. مەسەلەی ئەوەی کە چەکداری شیعە لە عیراقەوە بۆ شەڕکردن لەدژی قاعیدە دەچێ بۆ سوریا، خەریکە وەك ڕاستییەکی بەڵگەنەویست مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. ئەگەر بۆ شیعە بیانووی پاراستنی گۆڕە پیرۆزەکان هاندەری سەرەکیی وروژاندنی تایفەگەری بێ، بۆ کورد ئەم بیانووە هیچ بەهایەکی نییە. پەیدابوونی چەکداری کوردی عیراق لەڕیزی بەرەی نوسرەی سەر بەقاعیدە لەسوریا، بەڵگەی ئەوەیە کەتوندڕەوەیی ئایینی لەناو کورددا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بەرەو پوکانەوە نەچووە. هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەلاوانی کوردی عیراق دەچنە شاری گازی ئەنتاپ و لەوێوە دەچنە سەر سنووری تورکیا- سوریاو پەیوەندی بەچەکدارانی بەرەی نوسرەوە دەکەن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ دوو خاڵی گرنگ. یەکێکیان ئەوەیە کە توندڕەوانی کوردو توندڕەوانی شیعە لە سوریا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوەو شەڕ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن و دووەمیشیان ئەوەیە کە گەڕانەوەی ئەو توندڕەوانە بۆ ناوچەکانی خۆیان کاریگەریی زۆر گەورە لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوەو دەشێ لەئایندەدا هەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕن کە عەرەبە ئەفغانەکان پاش گەڕانەوەیان لە ئەفغانستان گێڕاویانە.

خودی ڕژێمی ئەسەد ئاگاداری ڕادەی نیگەرانیی ڕۆژئاوایە لەپەرەسەندنی هەڕەشەی قاعیدە لەڕێگەی بەرەی نوسرەوە لە سوریا. دیمەشق هانای بۆ تاکتیکێك بردووە کە بەری نوسرە وەك داوەڵێك بۆ ترساندنی ڕۆژئاوا دەهێڵێتەوە. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کە دیمەشق لەم دواییەدا زۆرتر تۆپ و هێرشی ئاسمانی لەدژی سوپای ئازادی سوریا بەکار دێنێ و کەمتر هێرش دەکاتە سەر بنکەکانی بەرەی نوسرە. جەنرال سالم ئیدریس، سەرۆکی ستادی سوپای ئازادی سوریا، ئاماژەی بەوە داوە کە بەرەی نوسرە «بەمانای وشە ئۆپۆزیسیۆن نییە»و ژێر بەژێر پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی ئەسەددا هەیە. ئەوەشی بە بەڵگە هێناوەتەوە کە دیمەشق لەمێژە وازی لە هێرش کردنە سەر ئەو شوێنانە هێناوە کە چەکداری بەرەی نوسرەی لێیە و زۆرتر هێرش دەکاتە سەر ئەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتی سوپای ئازادی سوریا دان. دیارە مەسەلەکە مەسەلەی هێرش نییە چونکە دیمەشق باوەڕی تەواوی هەیە کە بەهێزبوونی بەرەی نوسرە، لەبەرەنجامی کۆتاییدا دەبێتە مایەی تەنگ هەڵچنین بەدەسەڵاتی سوپای ئازادی سوریا.

ئەم هەموو تێکەڵ و پێکەڵییە، بۆتە مایەی ئاڵۆزکردنی ڕەوشی سوریا بەجۆرێك کەپێشبینی کردنی شێوەی کۆتایی ململانێکە بۆتە کارێکی نزیك لەمەحاڵ. ئەم تێکەڵ و پێکەڵی و ئاڵۆزییە، لەسایەی هاوسەنگیی هێزی نێوان ڕژێمی ئەسەدو ئۆپۆزیسیوندا، تاکە کارتی بەهێزی دیمەشقە.

# (مورسی) بەقسەی (ماندێللا)ی نەکرد



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گولان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

دوا بەدوای سەرکەوتنی (مورسی) لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی میسرداو، دەست بەکاربوونی وەك سەرۆکی میسر، بەڕێز (نیلسۆن ماندێللا) نامەیەکی بۆ نارد کەتیایدا کۆمەڵێك ڕێنمایی پڕ ئەزموونی تێدا بوو، بەڵام وا دەرکەوت کە (مورسی) نەیتوانی یان نەیویست یان لەخۆی سەرووتر نەیهێشت سوود لەو ڕێنماییانە وەربگرێت، بۆیە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی کورتی خایاند.

ئەمەی لای خوارەوە دەقی نامەکەی (نیلسۆن ماندێللا)یە کەسایەتی (الاخبار. انفو) لەبەرواری (٢٠١٢/٦/٢٥)دا بەزمانی عەرەبی بڵاوی کردۆتەوەو، لەبەر گرنگیی نامەکە بەپێویستم زانیی وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی.

دەقی نامەکەی ماندێلا بۆ مورسی:

(برای بەڕێزم دکتۆر موحەممەد مورسی عیسا ئەلعەیات

پیرۆزباییتان لێدەکەم بەتێپەڕاندنی گەلی میسر بۆ ئەم قۆناغە ناسکەی لەمێژوودا، بەهەڵبژاردنتان وەك سەرۆك بۆ وڵاتە دێرینەکەتان.

لەکاتێکدا ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم کەتازە گەڕاومەتەوە گوندی (کۆنۆ)، ئەو شوێنەی کەتیایدا لەدایکبوومەو، ئێستاش لەچوونە نێو وردەکاریی سیاسەت دوورکەوتوومەتەوە، چونکە تەندروستیم بواری ئەوەم ناداتێ بەدواداچوونی سیاسیم هەبێت، بەڵام بەپەرۆش بووم بۆ بەدواداچوونی چیرۆکە میسرییەکە لەبەر پێگەی وڵاتەکەتان لەکیشوەری ئەفریقیاداو، لەبەر پەرۆشیم بۆ سەرخستنی ئەو ئەزموونانەی کەوەك خاڵی وەرچەرخانی گەورەن لەمێژووی گەلاندا.

من لەپێگەی ئەو کەسەدا نیم کەبتوانێت وانە بەئێوە پێشکەش بکات، بەڵام ئەمەش ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەی هەندێك قسە لەبارەی ئەزموونەکانەوە بکەم بۆ وەرگرتنی پەند لەسەرکەوتن و شکستەکانی ڕابووردوو.

لەشتە سەیرەکانی ڕۆژگار ئەوەیە کە من لەساڵی (١٩٩٤)دا، وەك سەرۆك چوومە نێو کۆشکی سەرۆکایەتییەوە لەشاری (بریتۆریا) دوای تێپەڕبوونی (٨٣)ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتەکەمدا (پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا)، ئێوەش لەکاتێکدا دەچنە نێو کۆشکی سەرۆکایەتییەوە کە(٨٤) ساڵ بەسەر دامەزراندنی (کۆمەڵی ئیخوان)دا تێپەڕ دەبێت.

لێرەدا - بەم بەراوردکردنە - نامەوێت تیۆرێك لە زانستە سیاسییەکاندا بێنمە ئاراوە، بەڵام لەیەکچوونی

هەردوو ڕووداوەکە جێگەی سەرنج لێدانە.
کەواتە ئێوە دەسەڵات دەگرنە دەست لەدوای خەباتێکی سەختی کۆمەڵێکی ڕەگ داکوتاو لەکۆمەڵگەی میسریدا، کە هەڵقوڵاوە لەو خاکەی کە (نیل) بەبەخشش و مەدەنییەت هەزاران ساڵە ئاوی دەدات.
جیاوازیی نێوان (کۆمەڵی ئیخوان) و(پارتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا) لەوەدایە کە ئێوە ڕووبەڕووی زۆربەی جۆرەکانی ئەشکەنجەو ئازاردان بوونەتەوە لەنێو زیندانەکاندا، کە ئێمە تووشی شتی لەو جۆرە نەبووین، چونکە ڕژێمی ئاپارتایدو جیاکاری ڕەگەزپەرستیی هەرچەندە ستەمکار بوو، بەڵام یاسای هەبوو، بۆیە خەباتگێڕەکانمان لەنێو زیندانەکاندا ئەشکەنجە نەدەدران.
بۆیە کە ئێوە لەهەناوی ئەو ئازارو ئەشەنجەیەوە گەیشتوونەتە دەسەڵات، هیوادارم ئەو وێنانە نەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بەشێوازێکی نێگەتیڤانە واتان لێنەکات ئێوەش لەگەڵ بەرامبەرەکانتاندا بەکاریان بێننەوە.
جا بۆ ئەوەی وردەکاری و پێچ وپەناکانی نێو مێژوو کاتەکەمان نەبات، ئەم سەرنجانە دەخەمەڕوو، هیوادارم لەلایەن ئێوەوە بیریان لێبکرێتەوە:
یەکەم: گرنگیی کۆڕایی (ئیجماع):
کۆڕایی (ئیجماع) زەحمەت و دەگمەنە لەساتی وەرچەرخانە گەورەکاندا، بەڵام دەتپارێزێت لەهەڵەکردن و دەشتپارێزێت لەبەهەدەردانی گەرموگوڕیی شۆڕش لەو شەڕە لاوەکییانەدا کە وڵات پێش ناخەن، بەڵکو دەبنە هۆی دەرکەوتنی تەنها کەسانێك یان لایەنانێك.
من لەرێگەی بەدواداچوونمدا بۆ ئەوەی کەلای ئێوە دەگوزەرێت، هەستم کرد کەچەند کەسانێکی سیاسیی (بەڕێز حەمدین سەباحی باشترین نموونەیە بۆ ئەم قسەیە) قینیان لەحزبەکەی ئێوە زیاترە لەو خۆشەویستییەی کە بۆ شۆڕشەکە هەیانەو، هێندەی پەلەیانە بۆ دەسەڵات ئەوەندە پەلەیان نییە بۆ لەدایکبوونی دیموکراسیی.
بۆیە وای دەبینم کە ئێوە خۆتان بەدوور بگرن لەم حاڵەتە هەرچەندە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە بیرم دێت کە گەورەترین زەحمەتی ڕووبەڕووم بوەوە لەو ڕۆژانەی کە ڕێڕەوەی دیموکراسیمان دەست پێدەکرد، ئەوە بوو کە هەڤاڵ (پۆتیلیزی)سەرکردەی حزبی (زۆلۆ ئینکاسا) نەکەمە دوژمنی خۆم.
دووەم: پشت بەستن بەهێزە ڕاستەقینەکانی شۆڕش:
تێپەڕبوونی ڕۆژگارو هاتنی ساڵان فێری کردین کە ئەو لاوان و گەنجانەی بەگۆشتی لاشەیان ڕووبەڕووی سەگەکانی پۆلیس دەبوونەوە لە کوچەو کۆڵانەکانی (سیۆتۆ) ئەوانە پشت و پەنای ڕاستەقینەی گۆڕانکاریین، هەر وەك ئەو لاوانەی کە دەکەوتنە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیسەوە لە جادەکانی (قاهیرە)شدا، ئەوانە پشت و پارێزەری هەر گۆڕانکارییەکن کە ئێوە ئاواتتانە.
بۆیە پێشنیاز دەکەم کە لەحکومەتە نوێیەکەتاندا ئەو لاوانەی مەیدانی (تەحریر) پێش بخەن بەهەر نرخێك بوو بێت.
سێیەم: لەخۆگرتنی ڕژێمی کۆن:
هەموو شۆڕش و گۆڕانکارییەکی ریشەیی، ملیۆنەها سوودمەندو زوڕناژەن و ترساوو سەرلێشێواوی سەر بەرژێمی پێشوو وەك هەتیو دێنێتە ئاراوە، ئەم بارستەیە ئەو خەڵکانەن کە ڕژێمی پێشوو پشتی پێدەبەستن و، بەتێپەڕبوونی ڕۆژانیش بوونەتە خاوەنی (ئەزموون)و (پارە)و (پەیوەندیی)ی ئەوتۆ کەدەتوانن ببنە گەورەترین مەترسیی لەسەر سیستمی دیموکراسیی لەئایندەدا، هێزی ئەمانەش لەدەنگدانی ئەوان بە(ئەحمەد شەفیق)ی ڕکابەرتان باش دەرکەوت.
بۆیە زەحمەتە ئەمانە پشتگوێ بخەیت، بەڵام دەتوانیت بێلایەنیان بکەیت لەرێگەی چەندین جار ناردنی نامەی دڵنیاکردنەوە بۆیان و، پاشان پۆست پێدان بەهەندێکیان لەوانەی کەتاوانیان ئەنجام نەداوەو، خاوەنی ئەزموونی ئەوتۆن کە وڵات پێویستیی پێیانە وەك پیاوانی ئاسایش و فەرمانبەرە هەڵکەوتووەکان.
چوارەم: ڕاستکردنەوەی سەرەتاکان:
سوپا هەوڵ دەدات لەدژتان بوەستێت، بەڵام شەرعییەتی هەڵبژاردن و مەیدان، تای تەرازووەکە بەلای ئێوەدا دەشکێنێتەوە لەکۆتاییدا.
هەوڵدان بۆ دارشتنی دەستوورێکی دیموکراتی ڕاستەقینە کە هەموو میسرییەك خۆی تێدا ببینێتەوە، تەنها زامنە بۆ پاراستنی دیموکراسییە تازە لەدایکبووەکەتان.
جەنابی سەرۆك
گەلانی ناوچەکەی ئێوە هەموو ئەو بیردۆزانەی پووچەڵ کردەوە کەگرەویان لەسەر کۆتایی هاتنی سەردەمی شۆڕشەکان دەکرد، وەك بیردۆزەکانی (فرانسیس فۆکۆیاما)و (جۆف جۆدین)، سەلماندیشتان کە شۆڕش لەهەر شوێنێکدایە کەستەمی تێدا هەبێت.
بۆیە بۆ ساتێکیش گومانم لەوەدا نییە کەوێڕای زەحمەتییەکان، دەتوانن بپەڕنەوە بۆ جیهانی ئازادیی و ئاشتی.
هیوادارم ئەو چەند دێڕەی سەرەوە شتێکی وایان تێدا بوو بێت کە بەکەڵکی سوود لێوەرگرتن بێن، هەروەها هیوای سەرکەوتنی بەرچاوو پێشکەوتنی پرشنگدارتان بۆ دەخوازم.
براتان: نێلسۆن ڕۆلیهلاها ماندێللا
کۆنۆ، ئەمتاتا، باشووری ئەفریقیا